# وشیاربە ڕێگە درێژە و کات کەمە!

هیچ پیاهەڵدانێکم بۆ هتلەر و دارو دەستە و وەرنامە و کارەکانیم نییە. هیچ وشەیەک شك نابەم باسی کارە بەناو ئامرۆڤانەکانی بکەم، هەرچی بێژم خۆم پێشیاوی ڕەخنە دەکەم، بۆیە خاستر وایە لەم مەیانەدا ئەوەی ئێژم ئەوەیە هیچ نەیەژم.

ئەوەی دەمهەوێت و گەرەکمە بیڵێم، بیێژمی و بیهاوێژم، ئەوەیە: بۆچی تاوەکو ئێستا ئێمەی کورد بەڕوانگەیەکی هتلەرانەوە بیرمان نەکردۆتەوە؟ بۆهیچ نەیەژم؛ دەبێژم ئەو هەوڵە هتلەر ئاسایانەمان کە هەبوونە تەنها هیچ بوونە و ئەوەی ئەنجامدراوە بۆ بەبالآ پیشان دانی نەتەوە و خوێنی پاکی کورد ئەوەیە کەهیچ نەکراوەو نەبوونە، زۆربەی هەوڵەکانمان ناوچەگەری و پووچ بوونە.

بەڕاستی لێرەدا جێگەی خۆیەتی هامازە بەو دەرد و پەتایانە بکەین کە لەسەردەمی هتلەردا باڵی بەسەر نەتەوەی ئەڵماندا کێشابوو. بەوەی وائێستاش بووەتە زەرووی کوردمژ و وەختە لەنێو نەتەوە نزمەکانی پشتی پشتماندا دەمان توێنێتەوە. لەخوداوەند دخوازم تاکێکی هتلەر ئاسامان لەنێو وە دیاربخات، بەکارەکانی نەتەوە یان ڕەگەزەکەمان سەربخات، ڕزگارمان بکات. ئامانجی ناپاکی کردنی لەنەتەوەی کورد نەبێت. هەموو کاری لەپێناو ئێمەی خوێن پاکی کورددابێت، تکاشم وایە چیتر وەچەی دووڕەگ بۆکورد زیندەبارنەکرێت، هاوسەرگیری دگەڵ ڕەگەزی نزمدا ئەنجام نەدرێت، تەمەنی هاوسەرگیریش دوانەخرێت، ئاسانکاری بۆ باشترکردنی بار و ئاستی کۆمەلأیەتی بکرێت، لەدووژمن هیچ سڵ نەکرێت، لەزۆر منداڵی نەترسی، ئەوە سروشتە کاری خۆیمان بۆ دەکات بەبێ پرستی.



Scanned by CamScanner

بانێمەی کور و کوردپەروەران، وەدەریان خەین داگیرکاران،بەباگێڕکاران، بامالْیان بڕووخێنین، ژنانیان ئەتك کەین، دایکانیان بێوەژن کەین، باوکانیان لەپیاوەتی خەین، کچانیان بخەینەبەر کەر، پیرانیان بدینە بەر شاپەڕ، درەختەکانیان بسوتێنین، ڕیشەیان لەبێخە دەربێنین، خۆیان کوڕیان نەوەی پێش و دوایان قڕکەین، شەیدای حوشتری بێ ئاوانیان کەین، خاکیان بسوتێنین، درەختەکانیان لەڕیشە دەربێنین، ئاوەکانیان سوێر و ژەهراوی کەین، قوتابخانەکانیان بکەینە گەوڕ، تیایخەین بۆیان مانگا و لەوەڕ، پەرەستگاکانیان بکوردێنین، بنچ و بنەوانیان لەبێخ دەربێنین، خواکانی ژێرزەوینیان لەئاخی ئاسماندا زیندانی بکەین، شەیتانیان لێبکەینە خوا، خوایان لێبکەین بە بت، پەیامهێنەکانیان توشی بێنابڕوویی بکەین، پەرتووکی ئاین و ڕەسەنیان تڕۆڵبکەین، ناشرینیان لاجوان و جوانیان لاناشرین بکەین، هەموو شتێکیان لێ سەرو خوار و خوار و ژێر بکەین... بەبانگەشەی درۆیان ڕۆژووی نەتەوەمان نەشکێنین، ئەوانەی وتم، هەموو دوژمن پێمان دەکات گەر هاتوو خۆی لەکێشەکانی تری دەرکات.مەبەستم ئاین نییە ، بەڵکو بۆنەتەوەپەرەستیە.

ئەزانن کەی کورد دەتوانێت بحەسێتەوە و وەك مرۆڤ بژێت؟ ئەوکاتەی ئاوەزی لەبەرگریەوە بۆ هێرش دەگۆڕێت، ئەمەش مانای هەوڵدانە بۆ دەست گرتن بەسەر هەر چوار شاری ئەنقەرە،دیمەشق،بەغداد و تەهرانە،بەلایەنی کەمەوە، بۆئەمەش هەموو جۆرە ئامراز و فێلْ وحۆلات و چەکێك پێشیاوی بەکارهێنانە، ئەمەش لەوکاتەدا دەبێت کە پەروەردەی تاك و هاولاّتیانی کورد لەڕێگەی شالیارگەی پەروەردەی حکومەتی باشوری کوردستانەوە ئاراستەی ڕەگەز یان بەلایەنی کەمەوە نەتەوە خوازی بکرێت لەم پارچەیەی خاکی کوردستان، لەپارچەکانی دیکەی دلّی کوردستانیش دەبێت ژن و ژن خوازی کورد دەگەڵ گەل و ڕەگەز و نەتەوەکانی دیکە ڕابوەستێندرێت، قەیرە کچی و درەنگ هاوسەرگیریش قەدەغەبکرێت، هانی پەروەردەی جەستەیی و دەروونی تاکەکان بدرێت، لەسەرخۆڕاگری و کوردپەروەری، ئەمەش لەڕێگەی پەیڕەوی خوێندن یان لەماڵەوە دایك دەتوانێت منداڵەکانی بەوشێوەیە گۆش بکات کە نەتەوە سەردەخات.

گەر تاکی کورد لەسەر بنەمای ئاشتی خوازی پەروەردە ببینێت ئەوا تەنها کۆیلەبوون چارەنواڕێتی، بەلاّم گەر لەسەر بنەمای ڕەگەز پەرەستی پەروەردە بکرێت



Scanned by CamScanner

ئەوکات بەلایەنی کەمەوە ئازاد دەبێت گەر خاوەنی دەوڵەتیش نەبێت. بۆ هەر هەڵمەتێکی سەرکەوتوو پێویستمان بەلۆبی و هێزی پاڵپشتی جیهانییە ئەمەش بەپارە و دەزگای ڕاگەیاندن دەکرێت، بڕواناکەم کوردستان هەژاربێت لەڕووی پارە و سامانەوە کەواتە تەنها پێویستمان بە دەزگاگەلێکی زۆری ڕاگەیاندنە بە دەیان زمانی جیاواز بدوێن و یەك مەبەست بگەیەنن و ئارەزووی کوردان بۆ جهان بدرکێنن...هەروەها پێویستمان بەکاراکردنی ئەو هەموو کوردانەی سەرانسەری گێتیە، هاوشێوەی جوولەکایەتیە، هەرکوردێك لەوانە دەتوانێت بەچەندین زمان قسەبکات، ئەی باشە بۆناتوانێت کارێك بۆ نەتەوەکەی خۆی بکات؟ ئەو کوردانە دەتوانن لەڕێگەی هەموو جۆرە بانگەشەیەکی نوسین و بیستن و بینینەوە بەزمانی جۆراوجۆر و بۆیەك مەبەست بنوسن و بێژن و بلاوبکەنەوەو پیشانبدەن، نابێت دەستەوەستان بۆخۆیان لەسەر سیسەمی نەرم خەوی درێژ بکەن، بەڵکو پێویستە قۆڵ و بازویان لەبۆ نیشتمانەکەیان وەگەڕبخەن...

سەبارەت بەهێز و سوپاش، تاوەکو ئێستا ساویلکەیی تاك و سەرانی کورد لەوەدایە نازانێت هێز لەیەکگرتوییدایە، نەهامەتیش لەجودایدا بەرجەستەیە، هەموو کوردێك ئاشنای ئەم مەبەستەیە، باشە بۆ سوپا یەك ناخەن، هەموو بەرپاسانی گەندەڵ و خوێڕی لەکارناخەن، ئەوەی باش بوو ڕێزی بگرن، فریاوی کەون، پەنای تێبگرن، ئەوەی خراپ بوو لەوڵات دەری بکەن، هەمو ژیانی لێتاڵبکەن، چی بردووە لێی وەربگرنەوە، هەمووی لەقوڕگی بێننە دەرەوە..

نابێت کوردی هەرێمی باشوور بەهیچ جۆرێك متمانەی بە بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی عەراك ببێت، بەوەی بەبەهای ملیارەها دۆلار چەك دەکرێت، سبەی ناوسکی ئێمەی پێ هەڵدەدرێت، دەبێت داوای بەشە چەکی خۆمانیان لێبکەین، گەر بەخواست نەیان دا ئاریمەنیان لێ هاندەین، هەموو کارێك بکە بەسەر بەرزی، نابێت لەپێش دووژمندا بلەرزی، ئەوکاتەی داوای ماڤ خۆت دەکەی، مۆرە لەدوژمنت دەکەی، مەترسە خۆتۆ سواڵکەرنیت بڕۆیتە بەر دەرگای حکومەتی عێراق و بکوڕوزێیتەوە و لەولاوە بەدەستی بەتاڵ بێیتەوە، بەنەبەردیی و نەترسی ماڤ خۆت بەدەست بێنە بەبێ پرستی...



Scanned by CamScanner

زۆر خەوشیە و نەنگیە، بۆهەرکوردێك ڕقی لەنەبەردیی و زیرەکییە، ئازایەتی و ژیری و ڕۆشنبیری و بالأییش دوور لەدەبەنگییە...وازبێنن لەدروشمی: تاشاخ مابێت کورد تەواو نابێت، لەبریدا بڵێن: تا بەئاوەز بیربکەینەوە، دەستکەوتی باشتر بۆنەوەکەمان بەدەست دێنینەوە.

مەڵێن ئێمەی کورد کەمین؟ هەرهیچ نەبێ سێ بەقەد ئیسرائیل دەبین...کوانێ کێ بەهێزە ئێمەی یەك ملیار بەناو موسوڵمان یان دە ملیۆن جوولەکەی ئەم ئیسرائیلەی لای خۆمان...خۆ خۆمان کوردی ڕەسەنی کوردستان چل ملیۆنین بێ داردەستان...کەواتە دەتوانین زۆر لەئیسرائیل بەهێز ترببن، بەگوڕتربین، جەرگ بڕتر، وەکارترببن....

نەفرەت لەو دەوڵەت یان هکومەتەی تاکی گێل و گەمژەی هیچ نەزان دەکاتە مامۆستا و ئەرکی پەروەردەکردنی گەورەترین سامانی خۆی پێدەسپێرێت، نەفرەت لەو گەلە گورگانەی بەناوی پاراستنی ئاسایش و ئارامیەوە چنگ دەخەنە سەر بنەقاقای هاوولاتی ڕەنجبەری نەتەوە و وەختە دەیان خنکێنن...تف لەو کاربەدەستانەی لەخۆیانەوە لەبەرژەوەندی خۆیانەوە کەسانی ناژیر لەپۆستی مەترسیدار و ئاسایشدا دادەمەزرێنن... تف لەو مامۆستا بێ ئەمەك و خوێڕانەی تەنها لەبەر خاتری ئەو موچەیەی پێی دەدرێت وانە بە فێرخوازەکانی دەڵێتەوە و لەبری ئەوەی بۆ کەڵکی نەتەوە لە داهاتوودا پەروەردەیان بکات دەیان گۆڕێت بۆ زەروو... نەفرەت لەو هکومەتەی کە دەزانێت کەس گەلێك توانای چارەکردنی کێشەی خۆیان نییە، توانای پەروەردەکردنی منداڵی خۆیان نییە، کەچی گەورەترین بنەمای مانەوەی نەتەوەیان دەخاتە ژێر دەست لەبۆ پەروەردەکردنیان بە شێوازێکی پووچ و نانەتەوەیی...

هەرنەتەوەیەك خەمی خۆی نەخوات تاگورگ دەیخوات، ئەو نەتەوەیە شایانی کۆیلەبوونە، هەرنەتەوەیەك بە کۆیلەبوون قایل بوو شایەنی لەناوچوون و تەفربوونە، پێشیاوی پاکتاوکردنە، بۆیە ئومێدەوارم تاکی کوردی خەواڵوو لەم خەوە بەئاگابێتەوە زوو، ئەگینا نەتەوەکانی دەوروبەر بۆی دەبنە زەروو، لەناوی دەبەن و دەیفەوتێنن بەزوو، زوو پەلاماری دەدەن، زوو داگیری دەکەن، کێشەی لەنێودا دروستدەکەن، قڕ و پاکتاوی دەکەن، خاکەکەی پڕلەگۆڕ دەکەن....



Scanned by CamScanner

بن، بەو مەبەستەی بەبیانووی ئاینەوە هەمدیس ئارەومان بۆ بێننەوە و بیانکەن بەخوا بەسەرمانەوە، داوای کۆیلەبونمان لێبکەنەوە، مەبەستم لەکەسانی خراپە نەوەک دڵپاکە.

هەرکەسێك دژی نەتەوەکەی نەبێت ئاساییە خاوەنی کام ئاین بێت، کام دەپەرەستێت چی بەلای خۆیەوە دەڕنسێت، سەریەکام ڕێبازە، حەزدەکات لەکام مەزەبی تازە، ئەگەر لەخزمەتی نەتەوەدابێت ئاین گەورەترین دەستکەوتی خواداس، بۆ موسوڵمان وئەرمەنی و حەسرەتیان و کلد و ئاشوریەکانیش هەرواس، ئەگەر کەسێك ڕاستبکات بەناوی ئاینەوە درۆناکات، نەتەوەکەی نافرۆشێت بەدوژمن، دەست ناخاتە نێو دەستی دژمن، زیانی بۆ مێروولەیەکی نەتەوەکەی نابێت، زیانی بۆ هیچ دژبەرێکی ئاینیی ولاتەکەی نابێت، گرنگ ئەوەیە هەمووومان کوردین، خاوەنی یەك ئامانج و ڕێبازی نەبەردین. هەرنەتەوەیەك جاش و زۆڵی تیابوو، ئەونەتەوەیە پێش لەدایك بوونی تیاچوو،لەبری مەوداى زيندەیی،بەقێسەمەتی دەبێت نامەردی ئاوەزمردوویی. نەفرت لەو سەرکردانەی لێرە بەدواوە لە جاش و خۆفرۆشان دەبوورن، نەفرت لەتۆوی خوێنەریش گەر دڵت بۆجارێکیش خورپەی بوون بەجاش و دەستکەلای دووژمنی بۆ ئاوەزت ناردبێ و لێدابێ، هەرگیز لەناپاکانیش خۆش مەبەو گەورەییان لەهەمبەر مەنوێنە....

وەرگێڕی کوردی، ٢٠١٣/٤/١

کاتژمێر ١:٥٢ خولەکی سەر لەبەیانی

کوردستان/ هەرێمی باشوور



Scanned by CamScanner

# پێشەکی

ئەدۆڵف هتلەر کەسێکی ئاسایی نەبووە لەوەی سوڕگەی گەردوون تێیبەڕێت، وەکو تۆز بەدووی خۆیدا لە گەردوونی فراواندا بەجێی بهێڵێت. ئەدۆڵف هتلەر بەتەنها پادشا (سەرکردە)یەکی ئەڵمانی نەبووە؛ بەڵکو یەکێکە لەو کەسایەتیە گەورانەی وەخت بوو ڕێڕەوی مێژوو بوەستێنێ و ئاراستە و شێوەی جهانیش بگۆڕێت، کەواتە پادشای مێژووە. لەبەرئەوەی هتلەر سەربازێکە کە بەدووی خۆیدا داستانێکی بەجێ هێشتووە کە ناوبانگی دەشێوێنێت و پڕلەکێشە و چەن و چوونییە: نەهامەتی ئەو وڵاتەی خەونەکانی لەناوبرد و سیستمێکی حوکمڕانیش کە کۆڵەکەکانی خواربوونەوە و پارتێك پایەکانی تەفربوون، کەواتە هتلەر پیاوێکی ڕێبازی بووە کەلە کەلەپووری هزری باو لایدابوو، ئەم کەلەپوورەش خۆی دەنواند لە ڕامیارێتی و کۆمەڵایەتی و زانست و هونەر و جەنگ وەکو زانست و هونەر.

نیشتمانپەروەری سۆسیالیستی کە ئەدۆڵف هتلەر وەکو مژدە لەگەڵ خۆیدا هێنای و مەبەست و پێکهاتەکانی لەپەرتووکی (نەبەردیی من)دا خستەڕوو، بنەما خەوشدارەکانیشی دیارخست بەتایبەت پێش لەوەی هتلەر ببێتەسەرداری ئەڵمان. لەماوەی ئەو سیازدە ساڵەی کە هتلەر سەرداری ئەڵمانەکان بوو، ئەم سۆسیالیستی نیشتمانپەروەریە بەرەو لوتکەی بەهێزبوون هەنگاوی دەنا وتۆوەکەی لەنێو هەموو هەسارەکەدا گەشەی دەکرد و لەسایەیدا کۆڵەکەکانی نەتەوەچێتی زیادەڕۆی لێدەهاتەبوونێ و وەکو چەکێك لەدژی وڵاتی سێیەم و بنەمەکانی کارل مارکس بەکاریان دەهێنایەوە. تەنانەت ئەوانەشی دژایەتی نیشتمانپەروەری سۆسیالیستیشیان دەکرد و هانی شیوعیەت و هەروەرزکارییان ئەدا بەمەبەستی لەناوبردنی نازییەت، هەستیان بە گرنگی بنەمای بۆچوونەکانی هتلەرکردبوو، کە



Scanned by CamScanner

ڕەمەندێکی خەباتگێڕی ڕامیاری ئاسان بەکارهێنراوە لەشێوەی فاکتەرێکی کارا بۆ وەستانی تەوژمی بنەما چەپڕەوییە زیادەڕۆکان، ڕێکخستنیش بۆ بەکارهێنانی ئەم بنەمایە دەستبردنە بۆ دیکتاتۆریەتی تاك پارتی و دواتریش گەیشتنە سەر دەستەڵاتی ئەم پارتەیە لەڕێگەی هێز و توندوتیژی و هەڵگرتەی بۆچوونی مکیاڤیلیانە لەبۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

ئەوەی لەمڕۆدا بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنی ململانێی سەربازی نێوان هەردوو بەرەی شیوعی و دیموکراتی بکات بۆی دیاردەکەوێت کە سەربازگەی دووەم دووچاری تیاڕامان هاتۆتەوە لە بەرپەرچدانەوەی تەوژمی بنەماکانی کارل مارکس کە پاش لە جەنگی دووەمی جیهانی زیادتر بلأوبوویەوە. بەمەش دەگاتە ئەو یارمەتی و کۆمەکە دارایی و ئابوری و هونەریانەی کە پێشکەشی گەل دەکات, لەگەڵ پێشخستنی سیستمەکە بەجۆرێك هاوتای ڕژێمی شیوعیەت دەبێتەوە بەبێ خۆلادان لەباسکردنی. زۆر بەئاشکرا هەڵەکانی بەرەی دیمۆکراتیمان بۆدیاردەکەوێت بەتایبەت لەسایەی ئەو ڕێگەیەی هتلەر گرتیەبەر دا لەبۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تەوژمی شیوعیەت لە وڵاتەکەیدا, بەڵام ناتوانین بەڕوونی لە باری ڕاستینەی ئەم پیاوە تێبگەین گەر لەو بنەمایانەی نەڕوانین کە لە پەرتووکی نەبەردیی من دا تیشکی خستۆتەسەر و دواتریش نازیەکان کردیان بە(ئەنجیلی نیشتمانپەروەری سۆسیالیستی).

ئەم وەرگێڕانەی کە ئێستاکە بۆ پەرتووکی (نەبەردیی من)مان ئەنجامداراوە پێشتر بەم شێوە دروستییە نەخراوەتە پێش دەستی خوێنەران؛ چون لە پەرتووکی ڕاستەقینەی خوودی ئەدۆلف هتلەرەوە وەرگێراوە و بەهیچ سانسۆرێکدا تێپەڕ نەبووە بۆ ئەوەی کورتبڕی بکەن یام بۆی زیاد بکەن. هەوڵی گواستنەوەی بۆچوونە نەتەوەچێتیەکانی هتلەر و شێوازی فەرمانڕەوایەتی و ڕەگەزەکان بەبێ چاوپۆشین لەهیچ بۆچوونێکی خستومانتەڕوو, ئێمەش لەم جهانەماندا هێشتاکە ئەو سێ بوارەی بۆچوونی جیاواز بەتێکەڵاوی وەردەگرین.

لویس الحاج

# ١

# منداڵیم

بۆ بەختەداریم لە برۆنۆوە هاتمە نێو ئەم جهانەوە, کە شارێکی بچووکە و دەکەوێتەسەر سنوری جیاکارەوەی هەردوو دەوڵەتی نەمسای ئەڵمانی و ئەڵمانیا کە پێویستە یەکگرتنی ئەم دوو وڵاتە لەسەرووی هەموو ئامانجەکانی دیکەی کار بۆ کردووی ژیانمانەوە بێت.

نەمسای ئەڵمانی دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی نیشتمانی ئەڵمانی گەورە؛ چونکە یەك خوێنی موڵکی یەك دەوڵەتە, خەبات و تێکۆشانیشی هەر بۆیەك مەبەست و نەتەوەو بەهێزکردنی یەك دەوڵەتە. گەلی ئەڵمان هیچ مافێکی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەیان نییە گەر وەچەکانیان لەیەك سنوری دەوڵەتدا کۆنەکەنەوە, ئەو کاتەی ڕایخ ئەم وەچانەی خۆی کۆکردەوە و توانی بەخێویان بکات ئەوکات ئەم گەلە مافی داگیرکردنی زەوی بێگانەکانی بۆ دەگەڕێتەوە. لەم کاتەشدا ڕێڕەو لەبەر شمشێر خوار دەبێتەوە و فرمێسکی جەنگ بەرهەمی جیهانی سبەی دەبێت.

لە ساڵی ١٨٩٠ چاوم بەم گێتییە هەڵێنا و باوکم کارمەندێکی ڕێژی نمونەیی بووە, ئەوکاتەی خانەنشین کرا خێزانەکەی گێڕایەوە بۆ شاری لانزی شوێنی لەدایك بوونی خۆی و لەوێدا نیشتەجێ بووین, دواتر ماڵی گواستەوە بۆ گوندی ((لامباخ)) و دەستی دایە بەکارهێنانی ئەو زەویەی کە هەیبوو. لە لامباخ لەو کاتەی لەخوێندگەبووم و پەیوەندیم دەگەڵ هاوڕێکانمدا لەسەر بنەمای چەسپاندنی بۆچوونەکانی خۆم بووە بەسەر کرداری خۆم و بۆچوونی هاوڵەکانمدا, لەوکاتەدا



Scanned by CamScanner

هەرچەندە تەمەنم کەم بووەو منداڵش بووم، بەڵام زۆرم بیر لەداهاتوو دەکردەوە، هەرگیز حەزم لەهیچ پیشە و کارێك نەکردۆتەوە بۆنەوەی بیکەم بە پیشەی ژیان بەڕێکارم و نەشم ویستووە ببمە پەیڕەوکاری ڕەوتەکەی باوکم، کارمەندیم وەکو پەتێك دەبینی کە هەمیشە خاوەنەکەی بەرەو خواریٚ ڕاکێش دەکات. هەرکاتێك هەوڵی قایلکردنی هاوڕێکانم دەدا دەمویست هونەری گوتاربێژی خۆمیان بەسەردا تاقیبکەمەوە لەڕێگەی خۆسەپاندنەوە، لەم کاتەوەش بۆم دیارکەوت و هەستم بەوەدەکرد کەمن بۆ بوون بە سەردار دروستکراوم ، نەوەك بوون بەکارمەندێکی ئاسایی.

**هتلەر لەتەمەنی یەک ساڵیدا**



ئەو کاتانەی ئیشم نەبووە هێرشم بۆ کتێبخانەکەی باوکم دەبرد و پەڕەی پەرتووکە مێژووییەکان و گۆڤارە وێنەدارەکانم هەڵدەدایەوە، جارێکیان دەستم بەر گۆڤارێك کەوت کە لەساڵی ١٨٧٠دا بڵاوکرابۆوە و باسی ڕەوت و کاریگەرییەکانی جەنگی نێوان پروسیا و فەڕەنسا دەکرد.

لەم کاتەدا بەدەم بیرکردنەوە لە سوپای پروسی سەرکەوتووەوە بەخۆمم دەگووت:

لەم کاتەدا ئەڵمانەکانی نەمسا لەکوێڕا بوون؟ کەواتە بۆچی باوکی من و پاقی ئەڵمانە نەمساییەکانی دیکە لەم ڕەوتی سەرکەوتنە پاشکەوتووبوونە؟ ئایا جوداییەك هەیە لەنێوان ئەو ئەڵمانیانەی سوپاکەی ناپولیۆنی سێیەمیان شکاندووە دگەڵ وان ئەڵمانی کە لە نەمسادا ئاکنجێنە ؟

***



Scanned by CamScanner

باوکم هەرگیز نەیویستووە بڕوا بەخۆی بێنێت کە وانە کلاسیکیەکان سودیان بۆم نابێت، هەوڵیشی دەدا وەکو کەسێکی خاوەن کار پێم بگەیەنێت، هەوڵی دەرکردنی دام لە زانستی بیردۆزی بەوەی لەخوێندنگەیەکی ئاساییەوە گواستمیەوە بۆ خوێندنگەیەکی تایبەت بە هونەر، چاوی تێبڕی بووم لەوەی بمکات بە کارمەندێکی ولآت.




**باوکی هتلەر**

هەرگیز بڕوای وانەبوو من دژبەری ڕازخواستەکەی دەکەم، بۆیە هەرگیز بەوە قایل نەدەبوو کە من بۆچوونەکانی ڕەت بکەمەوە، هەوڵی خۆشەویستکردنی کارمەندیی لەلام دەدا، بەجۆرێك هەمیشە باسی لەچێژ و کەمتر لەتاڵیەکانیشی دەکرد، هەمیشە هەوڵی دەدا بەبێ پێچ و پەنا وەڵامی خواست و داواکاریەکانی بدەمەوە، بەڵام ئەو کاتەی تەمەنم گەیشت بە یازدە ساڵ ڕەتی بۆچونەکەیم دایەوە بەوەی هەرگیز نابم بەکارمەندێکی دیلی نوسینگە، بەخێرایی بۆم دیارکەوت توانایەکی باشم هەیە لە وێنەکێشاندا، ئەو دەمەی باوکم دیسانەوە کارمەندێتی خستەوەپێشم بەڵام وەڵامی من بوون بە وێنەکێش یان وێنەگر بوو، بۆیە زۆر توڕەبوو و پەنای گرتە دایکم بۆ ئەوەی قایلم بکات لە بوون بەکارمەندی دەوڵەت و ئەم ئاراستەیەشم پووچ بکاتەوە کە من



Scanned by CamScanner

پلانم بۆ دارشتبوو، من لەسەر بۆچوونەکەی خۆم مامەوەو ئەویش لەسەر بۆچوونی خۆی. باوکم لە پەیمانگای هونەر دەریکردم و گێڕامیەوە بۆ خوێندنگەی ئاسایی، سەرکەوتن بۆ ئەو بوو، بەڵام من هەرگیز دەستم هەڵنەگرت لەم بەهرەیەم و بگرە برەویشم پێدا و وانەکانی دیکەم پشت گوێ خست جگە لە جیۆگرافیا و مێژوو کە سەرجەم بۆچوون و بڕیارەکانم لەم دوو زانستەوە هەڵقوڵاون.



باوکی هتلەر بەجلکی فەرمیەوە

ئەمڕۆش کە بیر لەو سەردەمەم دەکەمەوە هەست بە قەرزاربوونی خۆم دەکەم بەو ئەنجامە نیشتمان پەروەرییە بەهێزەی پێی ڕاگەیشتووم، لە مێشکمدا ئەو دەمەی مێژووم دەخوێند و تێبینیەکانی دکتۆر لیبۆلد بۆچم دەنوسیەوە ئەوەم لە خانەکانی داکردنی مێشکمدا هەڵدەگرت کە دەیگووت: ئەڵمانیا و نەمسا یەکن و نەمسا بەشێکە



Scanned by CamScanner

لەئەڵمانیا، جیابوونەوەشیان وەکو دوو دەوڵـەتی سـەربەخۆ کـارێکی زیندەییـە بـۆ نەتەوەی ئەڵمانی.

چارەنوس وابوو بەدەستی خۆم داهاتووم پونێت بنێم، ئەو دەمەی تەمەنم تەنها سیانزە ساڵ بوو باوکم بەشێوەیەکی لەناوکاو مرد! لەم کاتە بەدواوە دایکم ڕێچکەی باوکمی گرت، دەیویست هەمان بۆچوونی باوکم بەسەردا بسەپێنێتەوە، واتە گەرەکی بوو لـە دەزگایـەکی دەوڵەتـدا دام بمەزرێنێت بەتایبەت ئەوکاتەی تەمەنم لەبەهاری هەژدەیەمم دابوو، ئەم دەویست بەهەمان شێوەی باوکم دژایەتی بکەم ، بەڵام قەودەر ئەمجار بە قازانجی مندا شکایەوە،دووچاری کۆکە ڕەشە و سنگ گیران بوومەوە، بەم هۆیەوە پزیشکەکە داوای لێکردم بۆماوەی یەك ساڵ دەست لەخوێندن هەڵبگرم. لەم ماوەیەدا دایکم حەزی منی بۆ دیارکەوت لە وێنەکێشاندا، ڕووم لە پزیشکەکردەوە بۆ قـایلکردنی بـەوەی بـەدایکم بڵێـت کـە سـەر لـەنوێ دەسپێکردنەوەم بـە خوێنـدن لـە پەیمانگای هونەردا هیچ زیانێکی بۆم نابێت، بۆیە ئەویش قایل بوو.



دایکی هتلەر



Scanned by CamScanner

بەدووساڵ پاش لەگەڕانەوەم بۆ پەیمانگای هونەر دایکیشم کۆچی دوایی کرد، ئەم ئازارە پشتی شکاندم؛ چونکە تاڕادەی پەرەستن دایکمم خۆش دەویست، لەم کاتەدا لەگێژاوی ژیاندا بەتەنها مامەوە،هیچم نەبوو پێی بژیم لەم نەهامەتیەدا، بەتایبەت پاش لەوەی ئەو پارەیەی باوکم بەجێی هێشتبوو لەو چوار مانگەی کەدایکم لەسەر جێگەبوو هەموویمان خەرجکرد و بوو بەهەڵم و بابردی،نەم دەزانی خۆراک و ڕۆزی پێ ژیاوم لەکوێوە پەیدابکەم، ئێستا دەبێت چیبکەم؟!

دەبوو کاربکەم بۆئەوەی بژیم و لەبرساندا نەمرم، ڕووم کردە ڤییەنا و تفاق و پلانیشم تەنها خوازویستە(ئیرادە)یەکی ئاسنی بوو بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی چارەنووسم. باوکم ڕێگەی خۆی کردەوە و گەیشتە لوتکە ئەو خاڵەی چاوی لەسەربوو، منیش دەبێت بگەم بە ترۆپك و لوتکە، بەڵام تەماح و ویستراوەکانی من بەکارهێنانی کارمەندبوون بۆ گەیشتن بە ترۆپك ڕەتدەکەنەوە.

Scanned by CamScanner

## ٢

# سالآنی تاقیکردنەوەی زۆر گران

لەو ماوەیەی دایکم لەسەر جێگەبوو من بەرەو ڤییەنا، کۆچم کرد بۆ ئەنجامدان تاقیکردنەوەی شیاویم بۆ وەرگرتن لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بەشی وێنەکردن بە زەیت و ڕەنگەکان. زۆر بە بڕوا بەخۆبوونەوەم تاقیکردنەوەکەم ئەنجامدا، بەڵام بێ هیوابووم ئەوکاتەی ناوی خۆمم لەڕێزبەندی سەرکەوتوانی تاقیکردنەوەکەدا نەدیتەوە، لە ڕاگری کۆلێژی هونەرم پرسی لەوەی بۆچی من لەو تاقیکردنەوەیە دەرنەچووم؟ بۆی ڕوون کردنمەوە کە ئەو وێنانەی تۆ پێشکەشت کردوون بۆ ئەندازیاری بیناسازی گونجاوترە وەك لە وێنەکێشی زەیت و ڕەنگ، هانی دام بۆئەوەی ڕوولە بەشی ئەندازە بکەم.

بەڵام وێنەگرتن و وێنەکێشان شتێکە و ئەندازیاریش شتێکی دیکە. هەرچەندە بۆ چەندین جار لێهاتوویم لە وێنەکێشانی ئەندازەییدا دیارکەوت، بەڵام هیچ گرنگیم پێی نەدا، پاش لە دەرنەچوونم لەم تاقیکردنەوەیە بەناچاری ڕووم کردەوە خوێندنی دواناوەندی بەمەبەستی تەواوکردنی.

***

پاش لەمردنی دایکم ڤییەنا بوو بە خاکێکی پووچ لەپیتی بۆ من، بەڵام دڵم پڕ بوو لەبڕوا، بێزاریم بەکارهێنا بۆ تەواوکردنی ڕێڕەوی ژیانم ، بڕیارمدا هەرچۆنێك بێت ڕووبکەمە ئەندازەی بیناسازی جا نرخ و ماندووبوونەوەکەشی هەرچەندەبێت. نەشم دەتوانی ئەوە لەبیربکەم کە دەبێت لەگەڵ خوێندنمدا ئیشبکەم، بۆ ئەوەی لەبرساندا نەمرم، لە نەخوارندا تەوح نەکەم،ئەمڕۆش من سوپاس گوزاری ئەو ساتانەم کە ڕووبەڕووی ئەم نەهامەتیانەی کردمەوە و کردمی بە چوکڵێکی نەشکاوی تەڕ، تاڵی زۆری پێچەشتووم پاش لەوەی هاویشتمیە نێو جهانی بەشخوراوانەوە، ئەمەش



Scanned by CamScanner

هەلێکی بۆمنی بۆرژوازی ژیاو ڕەخساند,بۆئەوەی لەگەڵ ئەو بێبەشانەدا بژیم و ببمە خەباتکارێك لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەوان لەپێناو بەرزکردنەوەی پلەو ئاستیاندا.

***

لەڤییەنا ئاشنای دوو مەترسی گەورەبووم کە بە ڕێگری سەرەکی یەکگرتنی ئەڵمانەکان و سەرچاوەی پیلانگێڕیش بوون لەدژی گەلی ئەڵمان ، ئەوانیش : مارکسی و جوولەکەکان بوون.

لە ڤیەننای شاری خۆش ڕابواردن و زیادەڕۆیی کردن، من ژیانم زۆر بەناڕەحەتی گوزەراند: پێنج ساڵ لەسەر یەك ئەم دەزانی تامی حەسانەوەچییە ! وەکو جێگری وەستا کارم کرد و دواتریش وەکو بۆیەکار بەمەبەستی بەدەستهێنانی ژەمی تەواوی خۆراك و ڕزگاربوونم لەبرچێتی. برسێتی تاکە هاوڕێ و هاندەری من بووە بۆ گشت شتێك. هەرکاتێك کتێبێکم بکڕیایە ئەو ڕۆژەم بە برسێتی بەسەر دەبرد, گەر ئامادەی ئاهەنگێکی موسیکی یان شانۆیەك بوومایە بۆماوەی دوو ڕۆژ برسێتی تەنگی پێهەڵدەچنیم, تاکە ڕێبەر و پێشەوام کتێب بووە, لەسایەی خوێندنەوەمەوە زانیاری باشم کەڵەکەکرد,لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا وەکو کریستاڵ بۆم دەرەوشایەوە. ڕووم کردە یادگرتنی بیردۆز گەلێك کە بیکەمە بنچینەی کارەکانم.

ڤییەنا لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا(سەدەی بیست) بەهۆی تای کێشەی کۆمەڵایەتییەوە داخورابوو, لێرەدا فرەخۆری و برسێتیش باوبوو, بەهێز و لاواز زۆربوو, زانا و نەزان فرەبوو.لە هەموو ئەڵمانیادا شارێکی وەکو ڤییەنا نەبوو, بۆ توێژینەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی دانیشتوان گونجاو بوو. ئەم توێژینەوەیەش نەدەبوو کەسێکی دوورەپەرێز یان لەبورجێکی لەعاج دروستکراوەوە ئەنجام بدرێت, نەخێر,بەڵکو دەبوو خوودی لێکۆڵەر لەم کێشە و گێژاو و نەهامەتیانەدا ڕۆچووبێت, بەمانای وشە ئاشنایان بێ, تامی ئەو بێبەشیانە بچێژێت کە بەشێك لەم دانیشتوانە بووەتە قیسمەتیان, ئاشنای جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەش بێت. وەکو هەموو ئامۆیەك بەدووی ڕۆژیدا ڕابکات و ئاگای لەو کارەش بێت کەبەدەم ئارەق ڕشتنەوە ئەنجامی دەدات.

لەزۆر دەستەواژە و چەمکی توانا کوژی خەڵك بۆ کارکردن ڕزگارم ببوو: لووتبەرزی لەشوێنی ناپێویست و خۆبەکەم زانین لەو شوێنەی دەبوو خۆبە گەورا



Scanned by CamScanner

ڕابگیرێت, ترس لە بەدی و بەدکاران, بڕوام وابوو کار پێویستی بە سووربوون هەیە, دواتر بۆم دیارکەوت کە دۆزینەوەی ئیش زۆر ئاسانترە وەك لەمانەوەو بەردەوام بوون لەسەری, بێ ئومێدییەکی زۆریش لەچاوەنواڕی ئەوانەدا بوو کە بەمەبەستی دۆزینەوەی ئیش و کار و دابین کردنی بژێوی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان کێڵگە کاڵ و کرچەکانیان جێدەهێشت و ڕوویان لەپایتەخت دەکرد.

گوندنشین زێدی خۆی بەجێ دەهێڵێت و ڕوو لەشار دەکات,لەم جهانە نادیارە,لەگیرفانیدا دراوێك نییە جگە لە نزای ئاسانکاری, گەر کارێکی دۆزییەوەو دواتر لەدەستی دا دەتوانێت بۆ چەند ڕۆژ یان چەند هەفتەیەك پشت بەیارمەتی سەندیکا ببەستێت , ئەوکاتەی سنوقی سەندیکاش دەست بەڕوویدا دەنێت پەنایەك نییە ڕووی لێبکات, هیچی لەپێشدا نامێنێتەوە جگە لەکارکردن بەنرخێکی زۆرکەمتر لەکرێی ئاسایی یان بە بێ هیواییەوە گەڕانەوە بۆ گوندەکەی, ئەوکاتەی لووتبەرزی دەیگرێت و ناگەڕێتەوە و دەرگاکانی ئیشی لەسەر دادەخرێت ئەم کات دەبێتە داردەستەی دەست بەتاڵانی کێشەدروستکاران و ئاژاوەگێڕان و ئیش وکار تێکدەران و هاندان بۆ مانگرتن و خوارکردنەوەی کۆڵەکەکانی ئابووری نیشتمانی و پێکهاتەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە و شارستانی.

نازانم من زیادتر ڕقم لەکامیان بووە: نەهامەتی دارایی گەل یان دابەزینی ئاستی ئاکاریی؟

هەستم بە نەبوونی شەرم کردووە لە نێو کارکەران و پیشەسازاندا. گەوەری ماڵ کاروبارەکانی خۆی پشت گوێ دەخات و گرنگی بە پەروەردەکردنی منداڵەکانی نادات, چون بەدەست هێنانی بژێوی لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە. نەبوونی پەروەردەی خێزانی مانای هەڵوەشاوەیی کۆمەڵگەیەکی وەکو نەمسایی دەگەیەنێت, ئەمەش لای خۆیەوە هیچ ڕێزێکی نێوان کوڕ و باوك و دایك و خێزان دەوڵەت ناهێڵێت. لەگەڵ ئەوەی هەژاری فاکتەرە بۆنەزانی و نەخۆشی, ئەوکاتەی هەژاری و نەخۆشی و نەزانی بەگردییەوە بڵاوبونەوە گەل نەفرەت لە دەوڵەتە دەکات و هیچ هەستێکی نیشتمان پەروەریش بوونی نامێنێت.

گۆڕینی گەل بۆ نەتەوەیەکی ئاکاردار, پێویستی بە دروستکردنی ناوەندێکی کۆمەڵایەتی ساغی وەهایە کە ئیش بکات بۆ پێگەیاندنی هاوڵاتی بە پێگەیاندنێکی

Scanned by CamScanner

نەتەوەیی، هەرگیز هیچ کەسێك هەست بە خۆشەویستی خاك و نەتەوەو وڵات ناکات مەگەر لە خێزان و خوێندنگە دا فێربکرێت، لەگەڵ هەستکردن بە سەرکەوتن و تێکۆشانەکانی باوانی لە بواری هزر و رامیاریتی و ئابوریدا. مرۆڤ هەرگیز تێناکۆشێت تەنها مەگەر بۆ شتێك نەبێت کە زۆری حەز لێبێت، کەواتە چلۆن داوا لە هاوولاتییەك دەکرێت نیشتمانەکەی خۆش بووێت و رێزی بگرێت بەبێ زانینی مێژووی خەباتی پێشینانی؟ دیسان نەبوونی پێژیاوی گونجاو بۆ بەسەربردنی تەمەنی لەچاو ولآتانی دیکەدا هۆکارە بۆ کوشتنی نیشتمان پەروەری.

***

لەساڵی ۱۹۰۹ دا نەختێك دۆخی ژیانم باشتر بوو، وەکو یارمەتی دەری وەستا نەمامەوە بەڵکو بۆخۆم وەکو وێنەکێشێکی ئەندازیاری کارم دەکرد. لەوکاتانەشی دەستم خاڵی دەبوو رووم لەخوێندنەوە دەکرد. بەتایبەت دۆخی رامیاری وڵات و کاریگەری تەوژمەکانی هزر و بۆچوونە کاراکان لەسەر تواناکانی دەوڵەتی نەمسای بەرەو لەناوچوو.



Scanned by CamScanner

# ٣

# پارتی سۆسیالیستی دیمۆکراتی

پێش لە خوێندنەوەی وردم بۆ بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمۆکراتی جگەلە بیرۆکەیەکی ناڕوون لەبارەی ئەم لقینەوە هیچ شتێکی دیکەم نەبووەو نەدەزانی، نەم دەزانی کێیە دامەزرێنەری و ئامانج و ڕێچکەکانی چین؟ من بەسۆزدارییەوە لە تێکۆشانەکانیم دەنواڕی لەبۆ چەسپاندنی دەستور و دەنگدانی گشتی، بڕوام وابوو هاتنەسەردەستەڵاتی ئەم چەشنە پارتە واتەی لاوازبوونی شێوازی حوکمڕانی بنەماڵەی هابسبۆرگ دەگەیەنێت، ئەو ڕژێمەی کە جاڕی کوشتنی ئەڵمانچێتی لەسنگ و دڵی بیست ملیۆن کەسی نەمسا نشیندا دەدا، بە نەمانی ئەم ڕژێمە گەلی نەمسا لەم کۆتە ڕزگاری دەبێت، ڕێگرەکانی پێش لە دروستبوونی ئەنچلۆس نامێنێت و گەلی ئەڵمانیاش بەم ڕێگەیە دەتوانێت تەنها یەک خاک و نیشتمانی خۆش بوێت ئەویش ئەڵمانیایە.

بەهۆی ئەوەی بڕوام وابوو کەسۆسیالیستی دیمۆکراتی کاربۆ بەرزکردنەوەی ئاستی چینی بەش خوراوانی پیاپێ نراو دەنێت کە تیشکی دەخستەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی کرێکار و جوتیارەکان، بەڕاستی خۆیشم تاوەکو حەڤدەهەمین بەهاری تەمەنم لەم دۆخەدا ژیابووم، بۆیە زۆر بەلامەوە گرنگ بوو، بە ڕزگارکارم دەزانی و تەنانەت ویستم و بڕیارمدا تەڤلی نێو ئەم پارتەببم، ئەو جارانەی سەرکردەکانی ئەم پارتە وتاریان بۆ جەماوەر دەدا منیش ئامادە دەبوم و چێژم لێوەردەگرت، بەڵام ئەوکاتەی بەمانای وشە ئاشنای ئەم پارتە بووم، مەبەستەشاراوەکانیم بۆ دیارکەوت لەوەی دژی نەتەوەیە و لەدەستکرد و دەستکەلای چینی سەرمایەدارانە، دژە نیشتمانە بەوەی ( ئامرازێکی دەستی بورجوازیەکانە بۆ قۆستنەوەی چینی پێ پیانراو)، دژە دەستووریشە لەبەر ئەوەی ( ئامرازێکە بەدەست چینی فەرمانڕەواوە بۆ لەناوبردنی پرۆلیتاریا)، دژە خوێندنگەیە؟ چونکە( گرنگی



Scanned by CamScanner

پێدەری چینی کۆیلە و قوربانیەکانی جەنگە کە سەرمایەداری دروستی دەکات)، دژە ئاینیشە؟ چونکە( هۆکاری سڕکردنی گەل و لاوازکردنیەتی بۆئەوەی بەئامانجی خوزراو نەگات...).

لەسەرەتاکانی بەشداربوونم لەم کۆبوونەوانەدا تەنها بە بێ دەنگی دادەنیشتم، بەڵام پێداگری هاندەران بۆ لەناوبردنی هەموو شتە جوانەکانی نەتەوە هانی دام بۆ هاتنەگۆم، لەگەڵیاندا کەوتمە تاوتێکردنێکی توندەوە. بەڵام نەیان توانی قسەکانم وەربگرن و بەتەواوەتی ڕەتیان کردمەوە و پەلاماریشیان دام، بۆیە منیش بڕیاری چیتر ئامادە نەبوونم دا لە کۆبوونەوەکانیان و زۆریش بەزەییم بەو خەڵکانەدا دێتەوە کە بڕوایان پێیانە و گەمە بە هەست و سۆزەکانیان دەکەن، بەپێی حەز و خواستی خۆیان ئاراستەیان دەکەن و چییان بوێت لەڕێگەیانەوە بەدەستی دێنن.

لەو کاتانەی شوێن کەوتەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمکراتی بووم بۆم دیارکەوت سەرکردایەتی تەنها پێشیاوی بەمێزانە، بەجۆرێك پێویستە هەموان ببنەپاڵپشتی سەرکردەی ڕاستەقینە و دەستی یارمەتی تەنها بۆ ئەو درێژ بکەن، بڕواشی تەنها بەیەك چەشنە بۆچوون و ڕێبازهەبێت و هیچ جۆرە بۆچوونێکی دی کاردانەوەی لەسەری نەبێت، گرنگی بە لایەنی دەرەکی شتەکان کەمتربدات وەك لە ناواخنی ئاوەزی و گیانی و جەستەیی، ئازادی مرۆیشی هاندەری یارمەتی دەرانی دەبێت بۆ کۆمەك کردنی.

بۆم دەرکەوت توندوتیژی و کوشتن و تۆقاندن کەچەکەکانی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتین، دژی هەموو ئەوانە ڕادەکێشرێت کە دژبەر و هەڵگری بۆچوونی جیاوازترن لەوان. پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی پیلانی دژایەتی کردنی دوژمنەکانیان لەڕێگەی ناشرینکردنی ناوبانگیانەوە ئەنجام دەدات لەسایەی ئەنجامدانی شاڵاوێکی زۆر مەترسیداری دژە بیرکردنەوەیانەوە. زیادتر لەجارێك پرسیومە: باشە بۆچی لە وڵاتدا پارتێك یان بزوتنەوەیەکی دیکە لەڕێگەی بەکارهێنانی هەمان شێوازی تەکتیك(توندوتیژی و ترسان و کوشتن)ەوە هەڵناسێت بەکۆتایی هێنان بەم پارتە و زاڵکردنی بۆچوونەکانی خۆی بەسەریدا ؟

بورجوازییەکان پێویست بوو لەسەریان بارستەبگرن و ڕووبەڕووی سۆسیالیستی دیموکراتی ببنەوە لەڕێگەی خۆئامادەکردنی پێشوەختەوە. بەڵام بۆرژوازیەت ئەم



Scanned by CamScanner

کارەی نەکرد و تەنانەت لەداواکردنی ماف کرێکارانیش وەستا, لەم کاتەشدا ڕێکخارانی سەندیکای کرێکاران ئەم هەلەیان قۆستەوە و پارووی پرۆلیتاریایان بەکارهێنا و وەکو چەکێك پێشکەکشی سۆسیالیستی دیمۆکراتییان کرد.

بزوتنەوەی سەندیکا پێشتر ئامانجی ڕێکخستنی ماندووبونەکانی کرێکار بووە لە گەیشتنیان بە ماف و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوییان, دوور بوو لەهەر جۆرە سیاسەت و پارت چێتییەك, تائەو کاتەی بورژوازیەت خۆیان پاڵیان بەم سەندیکایەوە نا بۆ ڕۆچوونە نێو گۆرەپانی ڕامیارچێتییەوە, بەوەی ڕەتی بەدی هێنانی خواستەکانی کرێکارانیان کردەوە, لەم کاتەشدا سۆسیالیستی دیمۆکراتی ئەم هەلەی قۆستەوە و نێچیرەکەی ڕاوکرد, بڕیاری لەخۆگرتنی بزوتنەوەی سەندیکای دا بەوەی بەباشی کۆمەك و یارمەتی پێشکەش دەکات, لەکاتێکدا بورجوزایەت لەم کاتەدا بەو پەڕی توانایەوە هانی دەستەڵاتی دەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەندیکا بە بیانووی ئەوەی دژە پیرۆکەی نیشتمان پەروەرییە !

لەم هەڵەیە دیارتر هەیە کە بورجوازیەتی تێکەوت بەتایبەت ئەوکاتەی بڕیاریدا کە بزوتنەوەی سەندیکا وەکو دژە بەرژەوەندی نیشتمان بناسێنێت ؟! ئایە بەڕاست ئەو بزوتنەوەیەی کەبەمەبەستی باشترکردنی دۆخی ژیانی پرۆلیتاری دامەزرابوو ئێستاکە بەهۆی تەقلبوونە نێو سیاسەتەوەی پێچەوانەی ئامانجەکانی خۆی کاربکات؟! ئەم بزوتنەوەیە دژە نیشتمان نییە و سەندیکاش جگە لە لقێنێکی نیشتمان پەروەری ئازادیخواز هیچی دیکە نەبوو, تا ئەوکاتەی لەوڵاتدا سەرکردەکان بەگیانێکی دادپەروەریی و ویژدانەوە کارەکانیان ئەنجام نادەن کەواتە کرێکارانیش ماف خۆیانە بەرگری لەخۆیان و بەرژەوەندی و مافەکانیان بکەن, لەبیریشمان بێت کە کرێکار بەتەنها ناتوانێك لەدژی خاوەنکار بووەستێتەوە بەڵکو ئەوە سەندیکایە کە پلانی بەرگری کردن لەمافەکانی کرێکاران دادەڕێژێت.

***

لەکۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا بزوتنەوەی سەندیکا لەڕەوتی بنچینەیی خۆی لایدا و بەرەو تەقلبوون بەئاراستەی نێو پارتی سۆسیالیستی دیمۆکراتی خواربوویەوە و دواتر بووە هۆکارێکی گوشار بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی شیاو بۆ تێکۆشانە چینایەتیەکانی, بەجۆرێك لەڕێگەیەوە توانرا کۆڵەکانی ئابوری وڵات و



Scanned by CamScanner

تەنانەت پایە مەترسیدارەکانی دەوڵەتیشی پێ لەنگ بکرێت. ئەو کاتەی ئەم سەندیکایە کەوتە چنگ سۆسیالیستیەکانەوە گرنگیدان بە باشترکردنی دۆخی پرۆلیتاریا (زەحمەتکێش) بوو بەهەڵم و با بردی؛ چونکە بەباشی درکیان بەوە کردبوو کە ڕزگاربوونی چینی بەشخوراو مانای کۆتایی هاتنی ئەمانە و ئەمەش هیچ لەبەرژەوەندی ئەواندانییە. نەمانی ئەهامەتی و لاڵانەوە مانای پوکانەوەی ئەمانە لەڕامیارێتی وڵاتدا, بەمەش توانیبویان ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران بهێننە ڕیزی خۆیانەوە و کوێرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان بەکاری بێنن.

Scanned by CamScanner

## ٤

# کلیلی سۆسیالیستی

پاش لەوەی لەسایەی ڕووداوەکانەوە ئاشنای تەواوی سۆسیالیست دیمۆکرات بووم، تاقەتی خوێندنەوەو زیادتر ڕۆچوونە نێو بۆچوونەکانی ئەم بزوتنەوەیەم پتر گەشەی کرد و زۆریش نیگەران بووم لەوەی خوم لەپێشی باوەڕێکی تەواو خۆپەرەستانە و کینەدا دیتەوە. باوەڕێك کە سەرکەوتنی مانای گورز وەشاندنێکی کوشندە بوو لەهەموو مرۆڤایەتی. دواتریش پەیوەندی نێوان ئەم بیرۆکەیە و هەنگاوی جووەکانم بۆ دیارکەوت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. بە تێپەڕبوونی کات لەبۆم ڕوون بویەوە کە ئامانجی دوور مەودای بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمۆکراتی هەمان مەبەست و ئارمانجی ئاساندنی جووە وەکو گەل، جوو وەکو ئاین ، جوو خوازی وەکو بزوتنەوەیەکی ڕامیاری–نەتەوەیی.

لەسەرەتای تەمەنی منداڵیمدا جوولەکەم بە هاوڵاتی وڵاتەکەم لەقەڵەم دەدا سەرباری جودایی ئاین و نەریتیان لەمن. لە (لانز) نەفرەتم لە هاوڕێیەکم کرد لەبەرئەوەی ئازاری خوێندکارە جوویەکی دابوو تەنها لەبەر ئەوەی جولەکەبوو. تاوەکو گەشتم کرد بۆ ڤییەنا هەروام دەبینین و بۆچونم وەهابوو. پاش لەهەر توێژینەوەیەك کە گرنگیم بەم جهانە نوێیە داوە ئەوەم بۆ ڕوون بوویەوە کە کێشەی جوولەکە یەکێکە لە دیارترین ئەهامەتیە پێوەناڵاندنەکانی وڵاتی ئەمسا. حکومەت و گەلیش دیلی ئەم کێشەیە ببوون. ئەم کێشەیەم بە تەواوەتی بۆ ڕوون بوویەوە بەتایبەت پاش لەو هەڵمەتە بەرفراوانە ڕۆژنامەوانیانەی کەبۆ یەکگرتنی سامیەت بڵاودەکرانەوە. بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی دژی جوولەکەن کەم فرۆشن و ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانیش خۆیان لەم کێشەیە دەدزنەوە و هیچی لەسەر بڵاوناکەنەوە. ئەم چەشنە دیاردەیە ناچاری کردم لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە ناوەندیەکانەوە ڕووبکەمە ڕۆژنامە جیهانیەکان یان باشترینەکان. بەڵام بەخێراییش



Scanned by CamScanner

دەستم لەمەش هەڵگرت؛ بەهۆی بەکارهێنانی ئەم ڕۆژنامانە بۆ هێرش کردنە سەر دەسـتەڵاتی ڕایـخ و فەرمانفـەرمای غولیـۆمی دووەم کـەمن زۆرم خـۆش نەویسـت. هـەروەها بـەهۆی زۆری پێهەڵـدانی بـۆ فەڕەنسـا و سـۆزبۆ دەربڕینـی و پێوەنـانی ناونیشانی (نەتەوەی شارنشین)،دیسان هۆکار بوو لەبۆ ئەوەی خۆم لەخوێندنەوەی ئەم ڕۆژنامە جهانیانە بەدووربگرم. لەکاتی خوێندنـەوەی ئەم بۆچوونە نا ئەڵمانیانە لەخۆم دەپرسی: ئەم ڕۆژنامانە بۆ کێ کاردەکات و ئامانج و ئاراستەی چی و کوێ یە ؟ ئەو کاتـەی بەتـەواوەتی ئاشنای جوولەکە بووم وەڵامـی ئـەم پرسیارەم دەست کەوت.

جولەکـەم بـەهاوڵاتی دەزانـی و پێم وابوو ئێمـە و ئـەوان وەکـو یـەک ماق بەدەست هێنـانی مافـەکانمان هەیـە, بـەلام تێکـەڵاو بـوونم لەگـەڵ دژبـەرانی سامیت بۆچوونی گـۆڕیم لـەوەی زیـادتر خووگیربووم بـە دژایـەتی کردنـی فەرمانڕەوایـەتی جوولەکـەوە, بـەردەوام بووم لەمـە تاوەکو بووم بە یـەکێك لەوانـەی بەتـەواوەتی گرنگـی بـە کێشـەی جوولەکـە دەدەن و بەتایبـەت ئەوکاتـەی بـۆم دیارکـەوت ئـەم ئەوانـەی ئیسـرائیل لـە ڤیەننادا پێکەوە لەگەڕەکی تایبەتیدا دەژین و هـەرگیز دەست هـەڵناگرن لـە ئەریت و پیرۆزی و بۆناکانیان. ئەوکاتـەی بزوتنـەوەی جووخـوازی سـەری هەڵدا و جووەکانی ڤیەننا دابەشی دووبەش بوون زیادتر گرنگیم بەم بوارەدا, پۆلێك لـە جولەکـەکان هانی جوخوازییان دەدا و پۆلێکیش هـەوڵی لەکارخستنیان ئەدا. دژە جووخوازەکان ناوی (جولەکە ڕزگاری خوازەکان)یان لەخۆیان نابوو, بەڵام ئـەم دوو کـەرت بوونەشیان هیچ کاریگـەری نـەبوو لەسـەر بڕوا و مەبەستی بنچینە و سـەرەکییان, بۆیـە بڕوام وابوو کەئەم دووکەرت بوونەیان تەنها یارییەکە و هیچی تر و خـەڵکی نەمسا و جهانی پێوە سەرقاڵ دەکەن, ئەم یارییەی ئەوان کە ناوەڕۆك و پشت پێبەستراوبوو بـە درۆ و زیادە ستایش کردنی پاکی بووە هۆی لەناوبردنی ئافرێنراوەکان و پاقژی ئەو دامێنەش کە جووەکان بانگەشەیان بۆدەکرد.

پاقـژی و پاکـدامێنی و هـەموو جـۆرە پاقژیـەکانی دیکـەی بانگەشـە بـۆکراوی جوولەکـە, تایبـەت مەندی خـۆی هەیـە, ئـەو کاتـەی چـاوت لەسـەر جوولەکـە دەبێت بەتەواوەتی لەهەموو جۆرە پاقژییەك دادەماڵدرێن, ئەوکاتـەی کەسێکی شۆڕت لەپێی



Scanned by CamScanner

جولەکەم دەبینی ناچار دەبووم لوتم بگرم؛ چونکە ئەو بۆنەی لە دەربالْ و ڕیشیانەوە دەهاتە دەریْ بۆنی دوژمنایەتی ئەوانی لێوەدەهات لەبەرامبەر ئاو و ساوندا.

پۆخڵی دارایـیـان شـتێکی باسـکراو نییـە لەچـاو پۆخڵیـەکانی دەروونیانـدا، بەتێپەڕبوونی کات بۆم دیارکەوت کە گۆڕدەری ئاکارباشی و تاوانکاری دژە کۆمەڵگە تەنها جولەکەن و هیچ کەسی دی. توانیم پێوانەی (گەلی هەڵبژێردراو)بکەم لە ژەهراوی کردنی بیرۆکەی گەل و سڕکردنی و ئیفلیجکردنی زیندەییەتی، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕۆژنامەوانی و هونەر و وێژە و نواندنەوە بووە. هەشت جولەکە پەلەکانی بەسەر هەموو ئەم بوارانەدا درێژکردەوە و زاڵێتی خۆی بەسەریدا سەپاند و بەویستی خـۆی ئاراسـتەی دەکـردن. زۆرێـک لـە نوسـەران جولەکـەن سـەرباری بلاْوکـار و هونەردۆسـتان و..هتـد ، ئـەم ڕۆچـوونەیان بـەنێو هـەموو کایـەکانی چـالاکی ئاراستەکاریدا بووە نەخۆشیەکی چاوەقوڵەی مەترسیدار و کوشندەتر لە چاوەقوڵەی ڕەش ، بەجۆرێك نۆ لە دەی نوسین و بلاْوکراوە و شانۆ و تابلۆهونەریەکانی هاندەر بۆ بەدڕەوشـتی و ڕووتبوونـەوەی تـەواو و مارکسـیەت هـەمووی سـەر بـە جولەکـە و دروسـتکراوی ئـەوانن. ئـەو ڕۆژنامـە بەمێزانـەی مـن حـەزم لێـی بـوو و دژبـەری سامیەتیشیان دەکرد دواتر بۆم دیارکەوت کە زۆرینەی سەرنوسەران و ئاراستەکارانی لە وەچەکانی (گەلی هەڵبژێردراو)بوون، واتە گەمەی بازرگانی بوو. پاش لـە درککردنم بەم ڕاستیە بۆم دیارکەوت کە جولەکەکان دەستێکی بالاْیان هەیە لەئاراستەکردنی گـەل و چەسـپاندن و بـەدیهێنانی بەرژەوەندییـە دورر مـەودا و ئاینیەکەشـیان لەڕێگەیەوە. ئەو ڕەخنانەی لە ڕۆژنامەکانەوە لـە شانۆکان دەگیران و جوولەکەی تێدا بەشداربوو بەتەواوەتی ئەو کەسانەیان دەهێنایە خواریْ کە ئەڵمانی پوخت بوون و جولەکەنـەبوون و هاوشـان و هاوئـاین و بۆچـونەکانی خۆشیان بەتـەواوی مانـا بـەرز دەکـردەوە، لەپێگـەی خوایـان نزیـك دەکـردەوە. لـە گوتـارە سیاسیەکانیشـیاندا بەتەواوەتی لایەنگری فەڕەنسا و دژبەری غلیۆمی دووەم و حکومەتەکەشیان دەکرد.

خێـرا ڕەنـگ گرتنـی بـۆ چـوونەکانم لەبەرامبـەر جوولەکـەدا بـەهۆی ئـەو ڕێگـا نەشیاوانەیانەوە بـووە لـەبۆ بەدەسـت هێنـانی داهـات و سـامان و ئامانجـەکانیان دەیانگرتەبەر و پەیڕەویان لێدەکرد، شەقامەکان ئەو شتانەیان فێرکردم کە هیچ کـەس پێشـتر پێـی نـەگوتبووم و بـە مێشکیشـمدا نـەدەهات، لەوانـەش ئـەو ڕۆڵـەی گـەلی



Scanned by CamScanner

هەڵبژێردراو پەیڕەویان لێدەکرد لە بازاڕپێدانی گانگانۆکیٚ لەڕێگەی کڕین و فرۆشتنی سپی پێستانەوە. ئەم ڕۆڵەی کە پاڵەوانانیان بە لێهاتوویی ئەنجامیان دەدا گەلی ئەڵمانی بەمانای وشە درکیان بەمەترسیەکانی نەکردبوو، تەنها لەجەنگی گەورەی جهانیدا نەبێت.

بەڵام ئەوکاتەی هەستم بەم مەترسیەی جوولەکەکرد تەزێك هات بەنێو جەستەمدا، بەتایبەت ئەوکاتەی بۆم دیارکەوت کە ئەوە جووەکانن بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن.

لەم کاتە بەدواوە بڕیاری کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەم دا کە لەدژی جولەکە بوون و تاوانەکانیانی دەخستەڕوو لەدەرهەقی نیشتمان و کۆمەڵگە. بەردەوام بووم لە بەدواداچوون کردنیان و لەدوا ساتیشدا بۆم دیارکەوت کە ئەوە جولەکەکانن سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمۆکراتی دەکەن، دەستیان گرتووە بەسەر ڕۆژنەمەوانیدا و هەر خۆشیانن ئاراستەکاری سەندیکا، زۆرێك لە ئەندامانی سۆسیالیستی دیمۆکراتی جوولەکەبوون، سەرکردەکانی سەندیکاش زۆرینەیان جووبوون، تەنانەت زۆرێك لەسەرکردەی خۆپیشاندان و ئاژاوەگێڕییەکانیش هەرجووبوون، زۆرێك لە سەرنووسەرەدیار و بەناوبانگەکانی وڵاتیش هەم دیس جووله بوون.

کەواتە ئەو پارتە باڵایەی دەستەڵاتی وڵاتی بەدەستەوە گرتووە پارتێکی بەکرێگیراو یان دەستبەسەرکراوی بێگانەیە؛چونکە جووەکان هەرگیز خۆشیان بە ئەڵماندا نایات و کار بۆ سەرخستنی ناکەن، کەواتە ئەمانە بێگانەن.

بەم شێوەیە توانیم لەکۆتادا ئاشنای ئەو گیانە شەڕەنگێزانەبم کە چۆك بە گەلەکەمان دادەنوێنێت لە ڕێڕەوتی پێشکەوتندا.

***

بەبەسەربردنی تاکەساڵێکم لە ڤیەننا بۆم دیارکەوت کە هیچ کرێکارێك نییە بە خەون و خەیاڵ گومڕیٚ نەکرابێت و هەموان ئامادەن لە پێناو کەسێکی دەست پاکدا چەکەکانیان ئاراستەبکەن. منیش بڕیارمدا کە ئازادکردنی کرێکارەکان لە وەبەرهێنەرەکان بخەمە ئەستۆی خۆم و تاڕادەیەکیش لەم کارەمدا سەرکەوتووبوومە. بەڵام هەرگیز نەم توانیوە تاکە جولەکەیەك قایلی ئەوە بکەم کە هەڵەیە و من ڕاست. زۆرم هەوڵدا بۆ هەڵگێڕانەوەی وەچە جووەکان لە مارکسیەت. بەڵام دواتر بۆم



Scanned by CamScanner

دیارکەوت کە وتوێژ و تاوتوێکارییان پشت بەستە بە ڕێسای دیالێکتیکی جولەکەیی تایبەتی بۆیە لەم کارەمدا وەستام و ئەم توانی وەڵامێکی شیاوم دەست بکەوێت. ئەوکاتەشی دانەیەکیان ناچاری خۆبەدەستەوان دان دەبێت بەئامادەبوونی جەماوەر بەڵام لەڕۆژی دواتردا نکۆڵی لەم دیل بوونەی دەکات و پاشگەز دەبێتەوە لەو دۆڕانەی و دەست دەکات بەدرۆکردن و خۆی وەها پیشان دەدات کە ئەوە ئەم نەبووە یاخوود بەهێنانەوەی چەندین بیانووی گۆڵدەری لەڕێ لادەر دوژمنەکەی هەڵدەخەڵەتێنێت و ئەو شکست خواردنەی خۆی پێ لەبیردەباتەوە.

بەڕاستی جولەکە سەرداری ڕەوانبێژییە بۆدرۆ و سەرکردەی دۆزانانن.

بەمەش ئەم بۆ دەرکەوتنەم چەندین قازانجیان بۆم هەبوو: بەتەواوەتی ئاشنای کردم بە سەرکردەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمۆکراتی و بەکارهێنانی هاوولاتیانم لەبۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان و پێکدادانم لەگەڵ جوولەکەکان لەبەر سۆزداریم بۆ ئەو کرێکارانەی کە بانگەشە ناوپرکراوە جولەکەییەکانی سۆسیالیستی دیمۆکراتی لەڕێی ون کردبوون.

***

کرێکاران بەرپرسی کێشەکانی وڵات نین, بەڵکو بەرپرسان ئەو کەسانەن کە بەخۆیان دەڵێن گرنگی پێدەرانی وڵات و گەل, هانی پەیڕەوکردنی ویژدان و سنورداتان بۆ ڕێونیەکانی خەڵك و لەناوبردنی گەندەڵی گەندەڵ کاران دەدەن.

بەبڕوای من چارەسەر و بەدیهێنانی ئەم بانگەشانە تەنها لەڕێگەی لێ توێژینەوەی وردی مارکسیەت و سەرچاوە و پێشکەوتنەکانی و ڕێگریەکانی پێش لەم بەرەوپێشچونانەی دەبێت.

ئەو کاتەی سەرکەوتن بەدووی سەرکەوتنی ئەم بۆچوونە دەبینم جار بەدوای جار لەخۆم دەپرسمەوە: ئایا بەڕاست داڕێژەرانی ئەم بیرۆکانە برایان وابووە کەبەم چەشنە سەربکەون و بیرۆکەکانیان بڵاوبێتەوە؟ هەستیان بە دەرئەنجامە ماوە درێژەکانی مارکسیەت کردووە؟ یان خۆشیان قوربانی هەڵە پێوانە لێکدانەوە بۆکردن بوونە؟ ئەگەر وەڵامی پرسیاری دووەم باڵاتربێت ئەوا پێویستە لەسەر هەموان بەتەواوەتی لەدژبەری ئەم بووچونەدا بووەستنەوە و لەناوی بەرن. بەڵام ئەگەر وەڵامی پرسیاری یەکەمیش باڵابوو ئەوا بەڕاستی داڕێژەرانی ئەم بیرۆکە پەتاییە ئەهریمەنی ڕاستەقینەبوونە نەوەك مرۆڤ؟ چونکە ئەو مێشکەی توانیویەتی ئەم بیرۆکەیە



Scanned by CamScanner

دابڕێژێتــەوە بێگومــان پلانــی مــاوە درێژیشــی هەیــە بــۆ لــەناوبردنی گــەل و شارستانیەتەکانی دیکە و گۆڕانی جهان بۆ چۆڵەوانییەك لە هەمووشتێك، ئەم مێشکە مێشکی مرۆڤ نەبووە و نییە بەڵکو مێشکێکی گۆڕدراوی گۆڕدەرە.

لـەم کاتەشدا پێویستمان بە نەبەردییە، نەبەردییـەك پشت بەسـتراوبێت بەهـەموو جـۆرە چـەکێکی بەردەسـت لەسـایەی ئـاوەزی مـرۆڤ و خوازویسـتیەوە. لەسـایەی قوڵبوونەوەم لە کێشەی جولەکەوە بەتەواوەتی ئاشنای مارکسیەت بووم بەبێ ئەوەی زۆر خۆمی پێوە ماندوو بکەم، ئەوە جووەکان بوون بنچینەکانیان داناوەو بانگەشەی بالأییان بۆ کردووە، زانیویانە چلۆن ئەو بەهرانەی هەیانە لەم بوارەدا بەکاری بێنن و خەڵکانی دیکەی پێ گۆڵبدەن.

ئـەم دەمـەی ئـەم ڕاسـتیەم بـۆ دیارکـەوت گەڕامـەوە بـۆ خوێندنـەوەی مێـژوویی قۆناغەکانی گەشەی وەچەکانی جوولەکە و ئاراستەیان لە ڕەوتی مرۆڤ بوون و ڕۆڵیان لـە ئاراسـتە پێکرتنـی کـاروانی مرۆڤایـەتی، ئـەم کاریگەرییـەیان زۆری وروژانـدم و پرسیم: ئایا بەڕاست کۆتایی مرۆڤ وەهایە کە دەبێت جووەکان دەستی بەسـەردا بگرن و ببنە مرۆڤ و چینی بالأ ؟

بـڕوای جوولەکـە بـە مارکسـیەتی دەربـڕاو دان ئانێـت بـە ئەرەسـتۆکراتیەتدا،ڕەتی بەهای تاك مرۆڤی دەکات و زاڵبوونی ژمارەییش لەجێگـەی هێز و توانادا دادەنێت، هـەروەها ڕەتـی بـەرەی نەتـەوەیی و ڕەگـەزیش دەکاتـەوە، مـرۆڤ لەهـەموو ئـەو شـتانە دادەماڵێت کە تەواوکاری شارستانیەتی مرۆڤ و بەردەوام بوونیەتی. ئەگەر ئەم بڕوایە ببێتـە بۆچوونی پـەیڕەوکراوی ژیـانی گـەردوونی ئـەوا هیچ بەلایـەوە گـرنگ نییـە کـە هەموو سیستمەکانی حوکمڕانی لەناوبچن و جهان پڕبێت لە گێژاوی نەهامەتی بەخش و لەناوبردنی مرۆڤەکانیش لەکۆتاییدا.

ئەگەر جوولەکە بە بۆچوونە مارکسیەکانیەوە توانی بەسـەر گـەلانی جهانـدا زاڵبێت ئەوا تاجەکەی گوڵبەندێك دەبێت لە لەشی مرۆڤ چنراو. لەم کاتەشدا هەسارەکەمان لە ڕێڕەوی خۆی لادەدات و مرۆڤ لەسەر ئەم ڕووی زەوییە بوونی نامێنێت.

سروشـتی هەتاهـەتایی وەهایـە کـە یـەقی خـۆی لـەو کەسـانە وەردەگرێتـەوە کـە لەفەرمانی خواوەند دەردەچن، بۆیە منیش بڕوام وایە کە بەپێی خواست و ویستراوی خواوەنـد دەجوڵێمـەوە و بـەرگری لـەخۆم دەکـەم لـەدژی جوولەکـە، لـەم کارەشـدا مەبەستم پاراستنی کارکردەکانی خواوەندە.



Scanned by CamScanner

# بەشی دووەم

## ١
## چەند تێبینیەکی ڕامیاری گشتی

ژیــان وای فێرکــردم کــەنابێت خراپــە لەبەرامبــەر مرۆڤــی دیکــەدا ئــەنجام بدەیت,ناشبێت پێش لەوەی تەمەنت بگات بە سی ساڵان تەقلی تاوتوێ و مقۆمقۆی ڕامیـارێتی بیـت. لـەم تەمەنـدا مـرۆڤ هـەڵگری تفـاقی پێویسـتیەتی بـۆ بـرەودان بـە بۆچەنەکانی, بێژەنگی وێژانی کێشە و بنەماکانیشی لادەستەبەردەبێت پێش لـەوەی ڕۆبچێتە نێو باوەڕێکەوەو ڕێچکەی خۆی لەسەر پونێت بنێت. ئەوکاتەی مرۆڤ بوو بە خاوەن بۆچوونی تایبەتی خۆی و لەهەمبەر هەرکێشە و ئەهامەتییەك کە دووچاری دەبێتــەوە وەڵامێکــی لادەســتەبەربێت ئــەوکات بــۆی هەیــە دابەزێتــەنێو گۆڕەپــانی ململانێی ڕامیاریی پشت ئەستوور بە زانست و ئەزموندن. بەڵام گەر خۆی بەباشی ڕانەهێنابوو هاتە نێو جهانی ململانێی ڕامیارییەوە ئەوکات خۆی بە بێزار و شکست خواردوو دەبینێتـەوە, لـەم کاتـەدا مـرۆڤ ناچاردەبێت یـان ئـەوەتا هەڵوێستی خـۆی بگۆڕێـت بۆئـەو ڕێـڕەوەی پـەیڕەوی دەکـات یـام ئـەوەتا لەسـەر هـەمان ڕێژنـەی کـار دەمێنێتـەوە, سـەرباری ئـەوەی بـاش دەزانێـت کـە کـارێکی نەشیاویشـە و لەگەڵیـدا ناگونجێـت. لـە باری یەکەمدا مرۆڤ ناچار دەبێت نرخی ئەم پەلەکردنـەی بدات لـەو تەقلبوونـە هەڵبـەز و دابـەزکارەی بۆنێـو جهـانی سیاسـەت, لـەم کاتەشـدا گرووپێـك لەیاوەرانی لەدەست دەدات بەتایبەت ئەوانەی بۆچوونیان وەهایە کە ئەم گۆڕانە هیچ چاکسازییەکی شیاوی لێنابینن و بەهیچی دەزانن.



Scanned by CamScanner

لەباری دووەمیشدا, کە لەم ڕۆژگارەماندا باوە, تاوەکو بڕوای سەرکردەکە بەو ڕێڕەوەی گرتویەتیەبەر کەم بێتەوە ئەوەندە لەگوتارەکانیدا پووچی دیاردەکەوێت, هیچ وشەیەکی تیادا نابینیت کە خەڵکی متمانەی پێبکەن, تاوەکو لەگەڵ پشتیوانانیدا بەردەوام بێت لە وتوێژ چەندان هێند داواکاری لێیان پتردەبێت, لەکۆتایشدا یەکێك دەبێتەقوربانی و هەڵگەڕانەوەی سیاسی سەر هەڵدەدات, ئەم جۆرە کەسانە کە خاوەنی یەك جۆر بۆچونی نەگۆڕاون ئەمانە تەنها بۆچونیان نییە و هیچی تر, ئەمانە بەتەنها لەچەقەچناوەیی و درۆکردن بەولاوە هیچی دیکەیان لێناوەشێتەوە.

ئەگەر خەڵکی بەختیان ڕەش بوو لەوەی یەکێك لەم جۆرە کەسانە بگاتە پەرلەمان ئەوکات هەموو هەوڵێکی ئەم کەسایەتیە تێکۆشانێکی پاڵەوانانەدەبێت بەمەبەستی هێشتنەوەی (مانگاشیردارەکە) بۆ خۆی و خێزانەکەی, دەبێتە دوژمنی هەرکەسێکی دیکە گەر بیەوێت هەنگاوێك بەرەو سیاسەتکردن بنێت بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەمەوە, تاوەکو بزوتنەوەی نوێ و کەسایەتی نوێ بێنەسەر شانۆی ڕامیارێتی ئەم کەسایەتییە ئەوەندەی تر دەترسێت لەوەی سەرەتای هاتنی ئەم کەسایەتییە پێدەچێت کۆتایی هاتنی خۆی بێت.

دواتر لەبارەی پەرلەمانەوە بۆچوونم دەخەمەڕوو,ئێستاش دەگەڕێمەوە سەر باسی سەرەکی ئەم بەشەمان.

بێگومان ئەو کاتەی مرۆڤ تەمەنی دەگاتە سی ساڵی شتی زۆر فێربووە, بەڵام ڕادەی ژیریشی پشت بەستراوە بە ڕادەی خوێندنەوەو بەدواداچوونکردنی بۆ ڕووداو و دۆسیەکان, هەر لەم کاتەشدا مرۆی دەتوانێت بنەمای بیرۆکە ڕامیاریەکانی دابمەزرێنێت.

بەم شێوەیە پشتیوانانی چیتر ناتوانن هەستەکانیان بشارنەوە لەوەی لەڕابردوودا وانەیەکی لێوە فێربوونە و گەشەی زانیاری سەرۆکەکەیان و فراوانی ئاسۆکەی مانای بوونی دڵنیایی سەرکەوتنی ڕێبازی پەیڕەوکراوە.

سەرکردە هەندێك جار بەناچاری خۆی لەپێش گۆڕینی بۆچونە گشتیەکانیدا دەبینێتەوە بەوەی ناڕاستە, ڕەفتاری سەرکردە هیچ سنورێکی نابێت و ڤالاش دەبێت لە ئابڕوومەندی و حورمەتداری گەر ئامادەی بەرگەگرتنی سزای ڕەفتارەکانی خۆی نەبێت. لەم بارەشدا باشتر وایە خۆی بەدووربگرێت لە دەستبردن لبۆ ئەنجامدانی هەر



Scanned by CamScanner

جۆرە كارێكی سیاسی دواتری؛ چونكە كەوتۆتە هەڵەوە لە بۆچوون دروستكردن لەهەمبەر دۆخەكاندا, جارێكی دیكەش ڕەنگە بكەوێتە هەڵەوە, هەرچۆنێك بێت نابێ هەوڵی بەدەست هێنانی متمانەی هاوڵاتیەكانی بداتەوە , یان بیر لەوە بكاتەوە كە بەم متمانەیە قایل بێت, واتە گەر ئەزانی پێشیاوی سەركردایەتی كردن نیت, بەوەی كەم متمانەی بەخۆت, ترسنۆكی, ناپاكی, پاڕای, بێ وادە و بەڵێنی....هتد, مەبە سەركردە. بەڵام لەم ڕۆژگارەماندا ژمارەیەكی زۆر كەمی خەڵكی پابەندی ئەم شێوازە پلانە سەركەوتوەن.

***

ڤییەنا لەو كاتەدا مێشكی ئیمپراتۆر و خوازویستی كارای بووە, وەكو ئەوەی پاشایەكی ڕێك و پێك لەسەر كورسیەكەی دانیشتبێت, ئەم دیمەنە بەسبوو بۆ برەودان بە دەستەڵات كە لەسایەیدا ژمارەیەكی زۆری گەلی پەرت دەژیان, هەروەها جوانیە سەرەنج ڕاكێشەكەشی خراپەكانی ئەو قوچەكەی دەشاردەوە كە ئیمپراتیۆریەتەكەی هەڵدەوەشاندەوە.

بەهۆی بەردەوامی ململانێی گەلە هەبووەكانی ئەو وڵاتەوە تەختی بەڕێوەبردنی وڵات هەژی, لەجیهانی دەرەوە و ئەڵمانیاش بەتایبەتی بەتەنها دیمەنی جوانی ڤییەنا لەنەمسا دەبینرا. بۆ پایتەخت پارێزگارێكی ژێر دانرابوو توانی نوێی بكاتەوە و جوانی و ڕەونەقداری پێببەخشێت, كە ناوی لۆجەر بوو, ئەم كەسە ئەڵمانییە باڵایە كە گەل هێنابوویە ئەم جهانەوە دەیزانی چلۆن ژیانەوە بە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی دەبەخشێت.

دكتۆر لۆجەر بەشێوەیەكی فەرمی پیاوانی باڵای دەوڵەت خۆشیان لێنەدەهات, بەڵام توانیشی ئەم پەرچووە لەڕووی سیاسی و ئابوری و هونەر و..هتد دوە لەم شارەدا بئافرێنێت, بەم كارانەی سەلماندی كە لەهەر پیاوێكی دیكەی وڵات (دیپلۆماتێكی تر) شیاوترە بۆ ئەم كارە.

ئەو نیوچە نەتەوەیەی كە بە نەمسایان دەگووت داڕووخا, مانای ئەوە نییە كە ڕەگەزی ئەڵمانی لەڕووی سیاسیەوە نەشیاوبن, كەواتە چۆن دە ملیۆن ئەڵمانی دەگۆڕدرێن و ڕێگە لەداڕووخانی دەوڵەت دەگرن بە بێ هاوكاری وڵات كە لەخۆگرتەی پەنجا ملیۆن دانیشتوانە ؟



Scanned by CamScanner

ئەڵمانیە ئەمساییەکان خاوەنی بۆچوونی فراوانی خۆیان بوون، خۆیان گونجاندووە بەژیانی نێو چوارچێوەی سنوری ئەمپراتۆریەتێکی گەورە، هەرگیز خۆشیان لەو ئەرکانە ئەدزیوەتەوە کە لەئەستۆیان بووە، بۆساتێکیش چاویان ئەبڕیوەتە هەڵوەشاندنەوەی سنوری سیاسی ئەم وڵاتە سەرباری دووریان لەوڵاتی دایکەوە، زانیویانیشە چۆن ئەڵمانیا دەپارێزن پاش لە سەر نەگرتنی هەوڵی باوانیان لە یەکخستنەوەی لەگەڵ بەشی ڕۆژهەڵاتدا. دیارکەوتووە تێکۆشانی ئەڵمانییە ئەمساییەکان تەنها لەم سنورەدا تەلبەند نەکراوە بەڵکو بژاردەیەکیان هەمیشە خەونی زیندووکردنەوەی وڵاتی ئەڵمانیای گەورەیان هەبووە و بانگەشەیان بۆکردووە.

ئەڵمانییە ئەمساییەکان بیریان فراوانترە وەك لە هاووڵاتیەکانی دیکەی وڵات، چالاکیە ئابوریەکانیان هەموو وڵاتی گرتبۆوە. خاوەنی پرۆژەی زەبەلاح بوون و ڕۆچووبوونە نێو چەندین کایەو چالاکی جیاوازی وەکو بەڕێوەبردنی کار و سەرکردایەتی کردنی شارەزا و بەکارهێنەری گونجاو، لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە لەبازرگانی کردنی دەرەکیدا، هەموو وڵات، لە ڕووی ڕامیارییەوە لە دەستی ئەڵمانییە ئەمسا نشینەکاندا بووە، ڕاژەی ئاڵا لە سنوری وڵاتی خۆی دووری دەخستەوە و وەکو سەربازێك لە بۆسنە و هرسك یان گالیسیادا لەژێر سەرپەرەشتی ئەفسەرەکاندا خەباتی دەکرد. ئەمساییە ئەڵمانەکان بۆ ماوەیەکی زۆر ڕابەری کایەکانی هونەر بوونە: مۆسیك و وێنەکێشان و وێنەگرتن و ئەندازە و داتاشین، لەئەمسادا.

ڕەگەزی ئەڵمانی تەوەری سیاسەتی دەرەوەبوو گەر ژمارە دیاریکراوە هەنگاریەکە پشت گوێ بخەین.

سەرباری هەموو ئەمانە بەڵام سەرجەم هەوڵەکان بۆ ڕزگارکردنی ئەم فەرمان فەرمایە شکستی بۆ نوسرابوو؛ بەهۆی نەبوونی مەرجی بنچینەیی بۆ سەرکەوتن.

تاکە چارەسەر بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کێشانەی وڵاتی ئەمسای فرە ڕەگەزدا بریتی بووە لەگەڕانەوە بۆ فەرمانڕەوایەتی لەسەر بنەمای ناوەندێتی. ئەم بیرۆکەیە زیادتر لەجارێك بەبیری کەسانی بەر پرسدا هاتووە بەتایبەت لەکاتەکانی هێمنی و بێ کێشەییدا، بەڵام هەموو جارێك بەبیانووی نەشیاوی بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندن بەهۆی کەم توانابییەوە ڕەتیان دەکردەوە. ئەو پێدراوە ناوخۆییانەی وڵات کە



Scanned by CamScanner

بەرپرسان پشتیان پێدەبەست یارمەتی ئەم پوچبونەوەیەی دەدا بەپێچەوانەی ئەو پێدراوانەی ئەڵمانیا کە بسمارك پشتی پێبەستبوو. لە ئەڵمانیادا یەکخارەوە دەبوو زاڵبێت بەسەر نەریتەکانی سیاسەتدا, جگە لەمە ڕێگری دیکە بوونی نەبوو؛ چونکە ڕایخ لەخۆگرتەی تاکە گەلێك بوو بێجگە لە گروپە بچوکە بێگانەکان. بەڵام لەنەمسادا دۆخەکە پێچەوانە بوو کە خۆی لەسەر پاشماوەی وڵاتانی دیکە پونێت نابوو, لەهەر پارچەیەکی وڵاتدا هەست و لایەنگیری بۆ وڵاتێکی تر هەبوو. ململانێی نەتەوەکان لەم وڵاتەدا زۆر بە ڕوونی دیارکەوت بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتە نەتەوەییانەی کە لەدەوروبەری نەمسادا دروستکرابوون, زۆرێك لەو دەوڵەتانە پاشکۆیەکی نەتەوەییان لەخاکی نەمسادا هەبوو, بەتایبەت لەڕووی نوێژ و نەریتەکانەوە.

تەنانەت ڤییەناش کەوتە ژێر کاریگەری ئەم ململانێیەوە و نەیتوانی تاسەر هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت.

ئەمەش پاش لەوەی بودابست وەکو شارێکی گەورە دیارکەوت ڤییەنا خۆی لەپێش قەرەکێشەیەکی توندی نێوان نەمسا و هەنگاریادا دیتەوە بەجۆرێك کارەکەی بریتی نەبووە لە هێشتنەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەڵکو لەقاڵب دانی ئەم کێشەی جیابوونەوەیە بوو. دواتریش هەریەکە لە پراگ و لامبرگ و لایباخ هەمان ڕێچکەی بودابستیان گرتەبەر و بوون بە پایتەختی وڵاتانی جیاوازی خاوەن گەل و نەتەوەی تایبەت مەند. ڕەنگە ئەو ڕۆژە بێت کە ئەم ململانێی سەربەخۆ خوازی و جیاکارییەی گەلان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش ببێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی تەواوی نەمسا.

ئەم بەرەپێشچوونە بەڕوونی دیارکەوت بەتایبەت پاش لەمردنی فرنسوا جۆزیفی دووەم, کە هۆکارێکی زۆری هەبووە و خۆشمان هەندێکمان لێخستەڕوو, کە دەتوانرا کاردانەوەی ئەوانی دیکە بکرێت لەڕێگەی پێشخستنی کاردانەوەی نێو دەوڵەتییەوە. ئەگەر ئارەزووی هێشتنەوەی ئەم وڵاتە بکرایە ئەوا دەبوو پێش لەهەموو شتێك پەنا بە ناوەندچێتی بگیرێت. دیارکەوتووە کە پشت بەستن بەم پەیڕەوە پێویستی بە ڕێکخستنی پێش وەخت هەیە: دانانی یەك زمان وەکو زمانی فەرمانی وڵات, برەوپێدانی هەستی نیشتمان پەروەری, ئامادەکردنی دەزگاکانی وڵات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان لەسایەی ئامرازی شیاوەوە. ناشبێت ئەوەمان لەبیربچێتەوە کە ئافراندنی



Scanned by CamScanner

هەستێکی نیشتمانی هاوبەش بەکاری یەك و دوو ڕۆژێك نایاتە بەرهەم، بەڵکو پێتڤی بەدەیان ساڵە گەر پێویستی بە دەیان وەچەش نەبێت، ئەمەش لەڕێگەی خوێندنگە و بانگەشەی ڕێکخراوەکانەوە دەبێت.

هێشتنەوەی ئەمسای بەساڵاچوو زیادتر لەهەموو وڵاتێکی دیکە پەیوەست بووە بە ڕێگری ناوەندی دەستەڵاتدارێتیەوە، هەژاربوو لەهەموو پایەکانی دەوڵەتداری: مەبەستم لە هێزی لێدەرچووی سەرچاوەگرتوو لە نەتەوەچێتی بۆ دەستەبەرکردنی ڕەگەزەکانی هێشتنەوە و گەشەی. بەمەش وڵاتی نەتەوەیی لەسایەی بەرگری سروشتیەوە دەمێنێتەوە و تواناداره بۆ مانەوە بۆماوەیەکی درێژی شیاو و بەتواناشە لەبەرامبەر کارگێڕی ناتەندروستیشدا. وڵاتی نانەتەوەیی لەوکەسە دەچێت کە پێکهاتەکانی ژیانی لێدابماڵیت، لەم کاتەدا بەشێوەی جەستەیەکی مردوو دیار دەکەوێت تا ئەوکاتەی گیانی تێتەوە بەر و گەشەی دەست پێدەکاتەوە، لەم کاتەدا پارچەی مردنی لەسەر لادەبرێت و خەڵکانی دیش بە دیمەنە زیندەییە لێ هەڵقوڵاوەکەی سەرسام دەبن.

بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك بۆ وڵاتی پێکهاتوو لەچەند نەتەوەیەك شیاونییە، ئەمانە لەڕێگەی خوێنەوە لەیەك ناچن و پێکەوە گرێنادرێن، بەڵکو ئەوە گورزێکە پێکەوەیانی بەستۆتەوە. ئەگەر ئەم دەستە ئاسنیەن خاوبۆوە ئەو کات لەبری پێکەوەبەستنی گەلەکان هۆکاری دیارکەوتنی ململانێ دەبێت.

ئەم مەترسیە شاراوەیە دەتوانرێت لەڕێگەی پیادەکردنی پەروەردەیەکی هاوبەش و نەریتی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش و..هتد ەوە لەناوببرێت، کە لەڕێگەیەوە هاو نیشتمانان دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر دگەل یەکتردا لەسایەیدا بژین. کەواتە ئەو ئاسانە، تائێستا چەندین فەرمانفەرمامان بینیوە کە چلۆن تیاچوونە، بۆیە پێویستە وڵات لەسەر بنەمای سروشتی دابمەزرێت و ڕەگەزەکانی مانەوەی تیادەستەبەربێت.

هەڵەی خێزانی هابسبۆرگ ئەوەبوو کە درکیان بەم ڕاستیە مێژوییە نەکردبوو، جگە لە فرانسواجۆزێفی دووەم کە بەتەواوەتی تێشکی خستبوەسەر ئەو خاڵانەی مەترسی دەخەنە سەر وڵاتەکەی، درکی بەوەکردبوو کە ئەمسا دەکەوێتە هەمان هەڵەی بابلی نوێوە گەر کار نەکات بۆ چاکسازیی کردنی ئەوەی پێشینانی تێکیان دابوو،لەم



Scanned by CamScanner

بەرتەسکە و هیچی تر. ئەوکاتەی گەلی بژاردە دەتوانێت قەوارەیەکی سەربەخۆ لۆخۆی دابمەزرێنێت بەناوی دەوڵەتی جوولەکەوە-ئامرازی زیندووی ئامادە بۆ پاراستنی ڕەگەز و گەشەپێدانی-ئەوا دەوڵەتی جوولەکە ناسنورەکی دەبێت, چونکە دەست نیشانکردنی هێڵی جیاکردنی وڵات پێویستی بە نمونەیی ڕەگەزی دامەزرێنەرە, هەروەك دەشبێت چەمکی کاری وەستابێتەسەر خەمڵاندنێکی دروست, هەرکە ئەم دوو مەرجە نەبوون بوون ئەوا چارەنوسی هەموو هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سنوردار پووچ دەبێتەوە؛چونکە دەوڵەت لەم کاتەدا هەژار و لاوازە لەو بنەمایانەی کە شارستانیەتی لەسەر پونێت نراوە.

***

کەواتە جووەکان جگەلە بەهرەکانیان هیچ چەشنە شارستانیەتێکی تایبەت بەخۆیان نییە, یان وامان بۆدیاربکەوێت, بەڵکو ئەوەی جوو هەیەتی وەرگیراوی گەلانی دیکەیە و بەهەوەسی خۆیان دەستکارییان کردووە و بۆخۆیان گونجاندووە.

ژبۆ تێگەیشتن لەدۆخی جوو لەهەمبەر شارستانیەتی مرۆڤدا پێویستمان بەتیشك خستنەسەر ئەم دۆخە ڕاستەقینەیە:

لەجهاندا هەرگیز شتێك نەبووە بەنێوی ((هونەری جوولەکە)), جووەکان هیچ کاریگەرییەکیان نییە لەپێش خستنی دوو بەهێزترین و گرنگترین هونەرەکان: مۆسیك و ئەندازە, بەرهەمی جوو لە جهانی هونەردا جگە لە لاسایی و گواستنەوەو دزین هیچی دیکە نییە. بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیەم کێبڕکێی نوسەرانی جووە لەبۆ نوسین لەو بوارەی ئەرك و ماندوو بوونی کەمی پێویستە, مەبەست شانۆیە. تەنانەت لەم کارو بوارەشدا جوولەکە هەستاوە بە لاسایی کردنەوە لەشێوەی مەیمون, ئایا لەڕەگەزێك چاوەنوارِی بەرز فرین دەکرێت لەشێ وە کەسە زرنگەکان کە پووچبێت لە داهێنەرێتی؟ بەڵام لەسایەی ڕۆژنامە جوو خوازەکانەوە ئەم کارە پۆخڵانەی جووەکان بەرزدەکاتەوە بۆ بەرزتر لە باشترین و شاکارترین کاری هونەری, دەبینیت ڕۆژنامەکان زیادەڕۆدەکەن لە ستایش کردنی کاری گەلی بژاردە بۆنەوەی بیان خەنە ڕیزی بلیمەتە ڕاستەقینەکانەوە و جەماوەریش بەمە قایل بکەن.

نا نەخێر , جووەکان هەرگیز توانای داهێنان و ئافراندنیان نییە, هەمدیس توانای نمونەییشی نییە کە بەبێ ئەم توانایە مرۆڤ ناتوانێت پێش بکەوێت و گەشەبکات.



Scanned by CamScanner

بەلام ژێری ڕەگەزی جوو هەمیشە ئاراستەکراوە لەبۆ داڕووخانی و کاولکاری.
لەهەندێک باردا جووەکان کاری چاکەیان لەدەست دەردەچێت کە خۆیان وادەزانن خراپیان کردووە ئەگینا ئەویشیان ئەنجام نەدەدا, لەم کاتەشدا جووەکان ڕاژەی مرۆڤایەتیان کردووە بەبێ ویست و حەزی خۆیان.

ڕاست نییە لەشێوەی قەرەج یان کۆچەریدا لە جوولەکە بڕوانین, لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا قەوارەی سنورداری خۆیان نییە و تا هەنوکەش جهان گوێی لە وشەی ژیاری جوولەکە نەبووە. کۆچەرەکان زەوییان هەیە لەسەر بژین بەلام وەکو کشتیاران پێوەی پەیوەند نین, بەڵکو ئەمانە بۆ دابین کردنی خۆراکی خۆیان پشت بەستوون بە بەرهەمی مەڕەکان, ئەم کۆچبەرانە بۆیە ئەم شێوە ژیانەیان هەڵبژاردووە چونکە ئەو زەویەی لەسەر گیرساونەتەوە کەم پیت و فەڕە و هاندەری مانەوەو نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی نییە بۆژیان. گەر ئەم کۆچبەرانە لەڕەگەزێکی بالأبوونایە ئەوکات دەیان توانی ئەو زەویە داچێنن و خۆراکی لێبەرهەم بێنن کە کەم پیتیشە. ئاریەکان بەهۆی ژیرییانەوە توانیان زەوی کەم پیت داچێنن و پێویستیەکانی خۆیانی لێوەبەرهەم بێنن. گەر ئاریەکان تەکنیك و زرنگی بالأیان نەبوایە ئەو کات وەکی جووە کۆچبەرەکان دەمانەوە و لەشوێنێکدا جێگیرنەدەبوون. ناشبێت ئەوەمان بیرچێتەوە ئەوکاتەی ئاریەکان ڕوویان لەئەمریکاکرد بۆماوەیەکی زۆر وەکی کۆچبەری ڕاستەقینە ژیاون بەلام دواتر کە زەوی لەپێش دەستیاندا ڕام بوو گیرسانەوە و نیشتەجێ بوون و زۆری نەبرد تا دامەزراوەی تایبەت بەخۆیان هێنایە بونێ, ئەمەش لای خۆیەوە مانای بەسروشتی بەرجەستەبوونی توانایە لەبۆ داهێنانە.

ڕەنگە ئاریەکان لەپێشاندا گەڕۆك بووبن بەلام پاشتر گیرسانەوەو بوون بەمەی هەن. بەلام جووەکان تەنانەت گەڕۆکیش نەبوونە, چونکە گەڕۆك نمونەیی پێویستە یان شتێك لەنمونەییان نزیك بکاتەوە بۆئەوەی نەختێك لەئاریەکان نزیك بکەونەوە , بەلام شتی وا لەبارێ نەبوو. نەخێر هەرگیز جووەکان گەڕۆکیش نەبوونە, بەڵکو تاهەنوکەش مشەرخۆرن بەسەر گەلانی دیکەوە و ململانێی پێکهاتە و هۆکارەکانی مانەوەی گەلانی دی دەکەن, ڕوویان لەهەر ناوچەیەك کردبێت باوەکو سەد سالیش لەو ناوچەیەدا گیرسابێتنەوە بەلام بەهۆی نەفرەتکردنی خەڵکەوە لەکارە خراپەکانی ئەم جووانە وەدەرنراون, ئەمەش وای کردووە بێ لانە و خانەبن.



Scanned by CamScanner

کـوا گـەڕۆکی وەهایـە کەبـەئارەزووی خـۆی جێگـۆڕکێ نـەکات؟ جـو ڕووی لەهەرکوێیـەك کرد بەئاسانی جێی ناهێڵێت، خۆئەگەر ناچارکرا ئەو جێیەش بەجێ بهێڵێت ئەوکات جێگەیەك لەمەی پێشووتری باشتر دەست نیشان دەکات، لەم شوێنە نوێیەش مشـەخۆر دەبێت وەك چۆن لەشوێنەکەی پێشووتری مشـەخۆر بووە، وەکو ڕووەکـی مشـەخۆر وەهانـە جـوو لەهـەر کـوێ بوونـە گـەلی ئەوناوچـەیە بەهۆیانـەوە لەناوچوو.

بەم چەشنەش جوولەکە لەهەموو سات و کاتێکدا وەکو قورسەباری مشەخۆر بەسەر گەلانی دیکـەوە ژیاون، ئەوکاتـەی دۆخ هـەلی گونجاوی پێنـەداوە بۆ دەربڕینـی ئەوەی لەناخیدایـە لـەژێر ماسـکی دەسـتەی ئاینیـدا دەوڵـەتی خـۆی دامەزرانـدووە، بـەڵام ئەوکاتەی هەستی بە تواناداری خۆی کردووە ماسکی سەر ڕووخساری لابردووە و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی وەدیارخستووە.

پەیوەستەیی نێوان جوو لەگەڵ ڕەگەزانی دیکـەدا وەکـو پەیوەستەیی مشـەخۆرە بەجەسـتەکانەوە کەلەسـەر بنـەمای فێـڵ و گـزی و درۆ دادەمـەزرێت. شـۆپنهاوەر دەبێژێت (( گەلی بژاردە باشترین مامۆستای درۆیـە))، گـەر جووەکان نـەتوانن خـەڵکی قایـل بەوەبکـەن کەئەمانـە تـەنها کۆمـەڵێکی ئـاینی جـوداترن لـەوان ئـەوا نـاتوانن بەئارمانجێن خۆ ڕابگەن ، ئەمەش دیسانەوە یەکێکە لەدرۆ مەزنەکانیان.

ئەفسـوس و مـەخابن تەنانـەت مێـژوو خوێنـانیش بـڕوا بـەم درۆیـەی جوودەکـەن، تـاوەکو ژێـری جوولەکە پتربێت فرت و فێڵـەکانیان جوانتر دەبێت، تەنانـەت ڕۆژانێك گەیشـتنە ئـەو ڕادەیـەی بـەخۆیان بڵـێن : ئێمـەش بەگۆشـت و خـوێن ئـەڵمانین تـەنها لەئاینـدا جـوودایـن، ئایـا ئـەم گەمەیـەیان لـە فەڕەنسا و ئیتالیا و بـەریتانیادا سـەری نەگرت ؟ کەبوون بە بەخێوەکار و چاودێری جوولەکە، توخوا لـەوە شـورەیی تـر هەیە تائەم ساتانەی دوایی شالیارێکی باڤاری نەزانێت جوولەکە گـەلێکن خـاوەنی تایبـەت مەندی شاراوەی خۆیانن ؟

هەرگیز جووەکان دەستەیەکی ئاینی خاوەن ڕێوڕەسمی تایبـەت بـەخۆیان نەبوونـە بـەڵکو هەمیشـە گـەلێکی تایبـەت مەندبوونـە لـەژێر دروشمـی ئاینیـدا، پـاش لـەقڕان بوونیـان و زۆر گـەڕان ، بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەچارەیەك کـەبتوانن هـەموو جهـانی پـێ هەڵبخەڵـەتێنن کەئەمانـە گـەل نـین بـەڵکو دەسـتەیەکی ئـاینی تایبـەتن و هیچی تر،



Scanned by CamScanner

لەکاتێکدا گەلی بژاردە لەم بوارەشدا لاسایی کارێکی خراپیش بووە. ئەمەش بەهۆی ئەوەبووە کەجووەکان ناتوانن هەرگیز ببنە ڕێکخراوەیی ئاینی بەهێز و تاسەر سەرکەوتن، چونکە هیچ نمونەییەکیان نییە. تەنانەت لەتەلمودی کتێبی ئاینی جولەکەدا باسێك لە ڕۆژێکی جهانی پاش لەك جهانەمان نەکراوە. بۆیە هیچ نازانن لەبارەی ڕۆژی دواتری ئەو جهانەکەی دی و هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ دەست گرتن بەسەر ئەم جهانەدا چڕکردۆتەوە.

بڕوای ئاینی جوو لەخۆگرتەی ئاراستەکاری پەیوەست بە پاراستنی خوێنی جوولەکەیە بەپاقژی، هەندێك دەقی دیکەشی پەیوەندی نێوان جوولەکە و جوولەکە و دواتریش جوولەکە و پاقی مەنی گەلانی دیکە دەست نیشان دەکات. بەڵام ئەمە پەیوەست ناکات بە ئەنجامدانی کاری چاکەوە. هەروەك لەسەرتادا وەها لەئاوەزت تێدەگەیەنن کەبەڕێگە چارەی تایبەتی خۆیان کێشە ئابوریەکان چارەدەکەن. بەگیانێك کە جورلەکەی لەسەر ڕاهاتووە. بەڵام بەهای گیانی بۆ فێرکاری لە ئاینی جوولەکەدا لەڕێگەی ئەو وانانەی وەرم گرتوون–ئەمانە وانەگەلێك بوون کە جووەکان خۆیان دایان ئەڕشبۆوە–هیچ خزمەتی جووناکات. بەڵام هەمدیس نە تێڕوانینێکی سەر پێیانەشەوە دەزانین کە جووەکان ئاینەکەیان بەتەواوەتی دورە لە گیانبازی، ژیانی جوو وەستاوەتە سەر مادەبوون. گیانی جوو لەکۆن و ئێستاشدا جودایە لە گیانی حەسرەتیان. هیچ گومان لەوەدا نییە کەهێنەری پەیامی حەسرەتیانی هیچ گوناهێکی لەهەمبەر جووەکاندا نەکردووە لەوەی بەڕوونی بۆچوونی خۆی پێ گووتن. بۆ وەدەرنانی دوژمنی مرۆڤایەتی لەپەیکەربەندی پەرستگەش قامچی بەکارهێنا، چونکە جووەکان لەکۆن و ئێستاشدا ئاین وەکو سەرچاوەیەکی بازرگانی کردن بەکاردێنن، عیسای پەیامبەر لەهەمبەر مادیەتی جوودا جەنگی ڕاگەیاند بۆیە ئەوانیش لەشێوەی خاچ هەڵیان واسی. توخوا ئەوە شەرم نییە پارتایێکی حەسرەتیان لەم ڕۆماندا سواڵی دەنگی جووەکان بکات و کێشە بنێتەوە و دژایەتی هاوڵاتیانی خۆی بکات بەهاوبەشی کردنی لەگەڵ پارتێکی جووخوازی ئائینیدا ؟

***

بۆسڕینەوەی درۆی یەکەم کەدەڵێت جوولەکە ڕەگەزنین بەڵکو دەستە و کۆمەڵێکی ئاینین ئەوا زنجیرەیەك لە درۆی مەترسیدار لەم بوارەدا کراوە. نمونەی ئەم



Scanned by CamScanner

درۆزنیەشیان ئەو زمانەیە قسەی پێدەکەن ، زوان هۆکارێکە بۆشاردنەوەی هەناویان و فاکتەرێکیش بیچت بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان. ئەوەدەمەی جوولەکەیەك بەفڕەنسی دگەڵت دەدوێت ئەوا بیر لە جووبوونی خۆی دەکاتەوە پێش لەفڕەنسی بوونی، ئەوکاتەی پارچە هۆنراوەیەك بەئەڵمانی هەڵدەبەستێت ئەوا بزانە تەنها هەناوی گەلەکەی خۆیت بۆ دەخاتەڕوو. تاوەکو جووەکان هەست بە باڵایی تەواوی خۆیان نەکەن بە زوانی گەلانی دی دەدوێن ، مەڵام هەرکە هەستی بە باڵادەستی خۆی کرد بەسەر گەلانی دیکەدا ئەوکات بانگەشەی بەکارهێنانی زمانی تایبەت دەکەن، بۆنموونە زمانێکی جهانی وەکو (اسبیرنتۆ) بۆئەوەی جوەکان بتوانن بەئاسانی گەلان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

((پرۆتۆکۆڵی داناکانی جوولەکە)) کەجووەکان بەو پەڕی توندییەوە ڕەتی ئەم بوونی ئەم دامەزراوەیەیان کردەوە، ئەوەی دیارخست کە مانەوەی ئەم گەلە و بوونی وەستاوەتەسەر درۆی هەمیشەیی و بەردەوام. جەختکردنەوەی ڕۆژنامەی (لاگازیت دو فرانکفۆرت) لەوەی کە (پرۆتکۆڵەکە) پیلانێکی دژە جولەکەیە هەرگیز قسەیەکی ڕاست نییە؛ چونکە خوودی ئەم ڕۆژنامەیە خزمەتکاری جوولەکەیە و هەموو توخمی بابەتەکانی لەجولەکەوە وەردەگرێت، گرنگ نییە بۆنێمە بزانین کام جوو بنەماکانی ئەم پرۆتۆکۆڵەی داڕشتۆتەوە گرنگ ئەوەیە زانیمان ئامانجی جووەکان چین و بەبەکارهێنانی کام ڕێگە بەرەو بەدەستەڵات و مانەوەیان دەدەن. ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیست بەڵگەی جێبەجێ بوونی ناوەڕۆکی (پرۆتۆکۆڵی داناکانی جوولەکە)بوو، دەی کەواتە بۆچی ڕۆژنامە جووخوازەکان ئەم هەموو هات و هاوارەیان کرد لەبۆ ڕەتکردنەوەی دەقەبڵاوکراوەکانی ئەم پرۆتۆکۆڵە؟ چونکە ئاشنابوونی گەلان بەشێوازی پیلانگێڕی جووەکان یارمەتی ئاسان لەناوچوونی جووەکان دەدات لەلایەن گەلانی باڵاوە.

***

بۆتەواو ناسینی جوولەکە لە شوێن پێ هەڵگرتنی لەبۆ لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدراوەکانی لەچەرخەکانی ڕابردوودا کاری باشتر لەمە نییە. لەبەرئەوەی گەشەی جوولەکە لەهەموو سەردەمەکاندا وەکو یەکە و هەمیشە بەمشەخۆری لەسەر گەلانی دیکە ژیاوە، کەواتە یەك نموونە بەسە بۆ تێگەیاندن ئاوەز لەبارەی جوولەکەوە.



Scanned by CamScanner

دەسپێکی هاتنی جووەکان بەرەو ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە بۆسەرکەوتنەکانی سەربازانی ڕۆمی لەناوچەکەدا, جووەکان لەم کاتەدا بەناوی بازرگانیەوە دەهاتن و بە ئەڵمانیدا پەرت دەبوونەوە. لەکاتی هەڵگەڕانەوەی تایبەت بە دژی جولەی کۆچەری فراوان جووەکان لەم کاتەدا بوونیان نەما, بەلاّم ئەوکاتەی دەوڵەتی ئەڵمانیا دامەزرایەوە هەمدیس دیارکەوتنەوە. لەم جارەشدا هەمدیس وەکی بازرگان دەرکەفتنەوە, هیچ گرنگیشیان نەدەدا بە شاردنەوەی سروشتی تایبەتی خۆیان؛ چونکە خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان و نەتوانینیان بۆ قسەکردن بەئەڵمانیەکی پاراو بێگانەییانی دەخستەڕوو, پاش لەوەش دەرکەوتن ئەمانە جوولەکەن بەلاّم ئەڵمانەکان سنگیان بۆ میوان فراوانە و بەخێرهاتنیان کردن و ڕێزیان گرتن.

زۆری پێنەچوو تا جووەکان دەستیان تێکەڵی ڕەوتی ئابوری ولاّت بوو, نەوەك وەکو بەرهەم هێن بەڵکو وەکو ناوەندێکی ڕێکخار. جووەکان لەبواری بازرگانیدا زۆربەهێز و خاوەن مەشقێکی تەواون, بۆئەمەش بەتەواوەتی ئامادەی بەزاندنی ئاریەکان بوون, بۆیە دەستیان دایە پێدانی قەرز بە هاولاّتیان بە سوودێکی زۆرەوە, خەڵکانی ئاری پێشتر ئەم جۆرە قەرزپێدانیەیان نەزانیبوو, نەیان دەزانی زیانی چین تائەوکاتەی پێوەبوون و کەوتە داوی جولەکە فێڵبازەکانەوە.

دوای ئەوەی جولەکە ڕەوتی بارزرگانی و بازاڕیان قۆرخ کرد لەنێو بازێر و دەڤەرەکاندا تاخی تایبەت بەخۆیان پیناکرد, دەوڵەتیان لەنێو دەوڵەتدا هازرکرد. بەهۆی ئەو سوودەی زۆری قەرزەوە دانیشتوان ڕقیان لێیان دەبوویەوە, بێزیان لێدەهاتنەوە بەهۆی خوێڕێتی و بێپاکی و نارەوشتیانەوە, کەمدەستانی جوو ئیرەیی بەربوو بە بداری جوو, بەم ڕێگەیەش جووەکان ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەوییان داگیر کرد و خاوەنەکانیان لەسەر دەرکرد, ئەمەش وای کرد خەڵکانی بەگشتی لەدژیان بووەستنەوە و وەدەریان نێن.

بەهۆی ئەم ڕقەی خەڵکەوە لەهەمبەر ستەمی فێڵاوی جووەکان لەم کاتەدا جولەکەکان دووچاری کۆمەڵێك ئازاردانی جەستەیی و دەروونیش بوونەوە, بۆیە لەم کاتەدا میوانە جووەکان پەنای گرتە دەستەلاّتداران و توانییان بە جادووی پارە و سەرجەم ڕێگە هەڵخەڵەتێنەرەکانی دیکەیان نوسراوی تایبەت بەپاراستنی سەروەت و سامانی جووەکانیان لێبەدەست بێنن, بەم شێوەیەش دەستەلاّت بەدەستان هەستان



Scanned by CamScanner

بـه والآکردنـی دەسـتی هەلـمـژین بۆخـوێن مـژینی قوربانیـەکان، بـەلآم دواتـر لـەژێر کاریگەری جەماوەردا کۆت و بەند لـەپێش ئاسان دەستکرتن بەسەر زەوی و موڵکی خەلکیدا دانرا. لـەم کاتـەدا جووەکـەکان گوێڕایەڵی خۆیان نواندن، یام بەگوێڕایەڵ خۆیـان دەخستەڕوو، چـون بێگومـان بـوون لـەوەی ئـەوە کلکـی دەسـتەلآتدرانە لـەژێر تەوشیەی ئەمانە و جاری داهـاتوو لـەکاتی کەم پارەییدا خاوەن دەستەلآتان پەنایان پێدەگرنەوە، ئەمەش وەك خۆی وابوو. جووە سوو خۆرەکان لەبەرانبەردا بەڵگەی ماف بوون بەخاوەن زەوی و زاریان وەرگرت. لەم کاتەشدا ئەو پارەیەی بە دەستەلآتدارانیان دابـوو لێـی خۆشـبوون، چـون دەیـانزانی دەتـوانی بەئاسـانی بەدەسـتی بێننـەوە و لەگیرفانی جەلکی عەوامی دەربێنن لەدرێگەی سوودی زۆری پارەوە.

پەیمان بەستنی نێوان میرزادە ئەڵمانەکان و جووەکان مانای هەژارکەوتنی گەل بوو بەهۆی ئەو ڕامیارکارییە سـەقەتەوەی کە هاوشێوەی هەندێك لەشالیارەکانی ئەمڕۆ ئـەنجام و پـەیرەوکراوە نەتـەوەی ئـەڵمانی نـەیتوانی بـە تـەواوەتی لـە مەترسیەکانی جوولەکە دەربازبێت.

ئەودەمـەی دەسـتەلآتداران کەوتنـە داوی جوولەکـەوە ئامـاژەی تـەواوبوونی دەستەلآتی خۆیانیان دەنوسیەوە. ئەودەمەی گەل هەستی بەکەمتەرخەمی کرد لـەوەی سـەردارانیان نـاتوانن بەرژەوەنـدیکانیان بپارێزن و دەسـتیان لەگـەڵ دەوژمنـانی گەلدا تێکەلآ وکـردووە بـۆ دۆشـینی گـەل بڕیـاری کشـانەوەیان دا لەپشـتیوانی کردنـی سیاسەت سـەردارانیان ، لـەم کاتەشـدا جووەکـان هـەوڵی بلآوکردنـەوەی ڕقابەرایـەتیان دەدا لـەنێوان گـەل و دەسـتەلآتدا، بەتایبـەت ئەوکاتـەی هەسـتیان بـە ئـاوابوونی ئەستێرەی لایـەنگیری دەستەلآتداران کـرد. گـەل بـژاردە شـارەزای باشـی هەیـە لـە پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەی ڕاستەقینەی سەردارانی ولآت، لەسـەرەتاوە بە ستایش خۆی لە سەرداران نێزیك دەکاتەوە و ئینجا بەپارە و بەخشش و خەلآت خۆی لێیان دەباتـە پێشـەوە و لـەخۆیانی نزیـك دەکاتـەوە. هـەوڵی سەرخۆشـکردنی سـەردارانیان دەدا لەڕێگـەی پێبەخشـین و ئامـادەکردنی هـەموو فاکتـەرەکانی ئابڕووچـوونی ئـاوەز وەسێنەر، مێزی ڕابواردنیان بۆ دەڕازندنەوە و ئافرەتی جوانیان بۆدەهێنـان و پـارەی زۆریـان بـۆ دابـین دەکـردن، ئەمـەش وای لەدەسـتەلآتدران کردبـوو هـەرگیز بیر لەبەرژەوەنـدی و چـۆنێتی ژیـانی چینەکانی خـوارەوەی کۆمەڵگـە نـەدەن، بۆیـە



Scanned by CamScanner

جووەکانیش ئەم هەلەیان قۆستەوەو دەستیان دایە ڕووتکردنەوەی خەڵکی هەژار لەهەموو هۆکارێکی بژێوی، دواتریش ئەم ئابڕووچوونانەی دەستەلأتداران ئاشکرادەکەن و دەیان ڕووخێنن، ئینجا کەسێك لەخۆیان بۆ پۆستی بالأبەرزدەکەنەوە و دەبنە دەستەلأتداری ولأت، ئەم هەنگاوانە وای کرد جووەکان بوونە شالیار و ڕاوێژکار و قسەوەرگێڕاو، بەمەش جووەکان بوونە دەستەلأتدار و سەرداری ڕاستەقینەی ولأت و هەموو شتێك هەر خۆیان بوون.

لەچەرخی فریدریکی گەورەدا بزوتنەوەیەکی هزری دیارکەوت کەدژە هاوسەرگیری بوو لەنێوان تاکی جوولە و ئەڵمانیدا، سەرکردەی ئەم بزوتنەوەیە ((گووو)) بوو، کە کەسێکی دواکەوتووی کورت بین نەبووە، گەلیش پشتگیری تەواوی خۆی بۆ ئەم بزوتنەوەیە دەربڕی، چونکە پێشتر ئاشنای تایبەت مەندیە خراپەکانی جوولەکە بووبوون بەوەی ئەمانە ڕەگەزێکن ڕۆدەچنە نێو قەوارەی نەتەوەوەو دەیترازێنن بەبێ ئەوەی دەست لە تایبەت مەندی و نەریتەکانی خۆیان هەڵبگرن.جووەکان لەمەترسیەکانی ئەم بزوتنەوەیە بەتەواوەتی تێگەیشتبوون بۆیە بەخێرایی و بەرێکخراوەیی هەوڵی تەڤل بوونە نێو نەتەوەی ئەڵمانیان دا بەبێ دەست هەڵگرتن لەتایبەت مەندیەکانی خۆیان. جووەکان تەنها بە زوان ئەڵمانی بوون کە لەمێژە یادیان گرتبوو، جووەکان توانای فێربوونی سەد زمانیان هەیە بەلأم توانای یاوگرتنی هزری پێچەوانی بۆچوونی نەریتی باوی خۆیان نییە.

جووەکان بڕیاری ڕەنگ ڕێژکردنی خۆیان دابوو بە ڕەنگی ئەڵمانی؛ باش دەیان زانی گەل ڕقی لێیانە و ئەو سەردارانەشی دەیان پاراستن والەناودەچن، بۆیە پێویستیان بەکۆڵەکەیەکی نوێ هەبوو بۆ پاراستنی چالاکیە ئابوریەکانیان بەبێ ڕق لێبوونەوەیان لەلایەن جەماوەرەوە. بۆیە لەم کاتەوە دەستیان دایە داواکردنی مافە سڤیلیە ئەڵمانی ئاساکان ، ئینجا هەستیان بەدابەشکردنی ڕۆڵ گێڕانەکان، ئینجا دەزەیان کردەوە نێو کۆشك و خۆیان وەکو ڕاوێژکار و دەست و پێوەند سەپاند.

جووەکان خۆیان لەهەموان پتر خەمخۆرتر پیشان دەدا و وایان دەخستنەپێش چاو لەهەموو گەل زێدەتر خەمخۆری ئازار و کێشە و نەهامەتیەکانی ولأتن. ئەرکی ئەم گروپە جووە گران بوو، چون گەلی ولأت سەرباری لاوازی دەروونی و ئاسانی هەڵخەڵەتاوی بەلأم بەئاسان ناتوانێنێت متمانەی خۆی بەوانە ببەخشێت کەپێشتر



Scanned by CamScanner

خۆیـان تازیـەیان بۆدروسـت کـردوون وائێسـتاش هـاتوون بـۆ سەرەخۆشـی. جـوو بەبڵاوکردنەوەی دەنگۆی دەست هەڵگرتن لەخراپەکان و ئەنجامدانی کاری چاکە وای دەخستە پێش چاو کە چیتر تاوان ناکەن، ئەم قوربانیەشیان تەنها لـەبۆ باشترکردنی دۆخـی ژیـانی هەژارەکانـە. جووەکـان وا تـاوەکو ئێسـتاش ئـەم ئـاوازە دەژەننـەوە و بەردەوامن لەسەری‌و ئەمەش وای کرد تەنانـەت دوژمنـە سەرسەختەکانیشیان دان بە جووەکاندا بنێن بەوەی کاری چاکە دەکەن، خۆنەوانەشی گومانیان لـەم کارە پۆخڵەی جـوو هـەبوو تاوانبـارکران بـە کێشـەنانەوە بـۆ جـووی بەدبـەخت و کـەم شانسـی بێدەستەڵات.

دۆخەکـە لێـرەوە کۆتـایی نـەهات، لەشەو و ڕۆژێکـدا جووەکـان لەبانگەشـەکردن بـۆ ڕزگـاری و ئـازادی خوازییـەوە وەرگـەڕان و ئـاڵای پێشـکەوتن و نوێکارییـان هـەڵگرت، ئەمــەش ڕێــی لێنــەگرتن بۆئــەوەی دەســت وەربدەنــە کاروبــاری ئــابوری وڵاتــەوە و دواتــریش دارِمــانی ئــابوری نەتــەوەیی لەبەرژەوەنــدی خۆیــان، جووەکــان توانییــان دزەبکەنـەوە نێـو بـواری بەرهـەم هێنانـەوە لـەڕێی کۆمپانیـا پشـککاریەکانەوە، ئەمـەش وای لەپیشەسازی ئەڵمانی کرد دواتر لەبنەماکانی خاوەنداریتی تاکێتی بێبەش بێت، ئەمــەش بووەهـۆی دیارکـەوتنی کـەلێنێکی گـەورە لـە نێـوان کرێکـار و خـاوەن کـاردا، دواتریش دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ دوو چینی سەرەکی دەوڵەمەند و هەژار.

هەر لەم کاتەدا جوولەکەکان دەستیان گرتەسەر بازاڕی دراو، بۆیە واری ڕەهای بۆ جووەکان ڕەخساند دەست بگرن بەسەر چالاکیە نەتەوەییەکانی وڵاتدا. لەم ڕێگەوەش بەسـووربوونەوە جووەکـان خۆیـان ئامادەکرد لـەبۆ هەڵپاچینی ئـەو لقانـەی بـەزیادە و کۆسـپی دەزانـی لـەپێش گەیشتنە ئامانجە دوورمـەوداکانی. لـەم کاتەشـدا جووەکـان دەستیان دایە بانگەوازی لێخۆشبوونی ئاینەکان. جووەکان بۆئەمـەش ماسۆنیەتیان بەکارهێنا-کە ئامرازێکی نەرمۆڵەی دەستی جووەکان بوو-بەمەبەستی مۆرکدان لە مەبەستی ئامانجەکانی. ماسۆنیەکان هەستان بە خستنە داوەوەی هەرچی خانەدان و سەرمایەدار و بوارژوازی و بیرمەندانی وڵاتەوە.

بـەڵام ڕەگـەزی ڕاسـتەقینە، ئـەو ڕەگـەزەی هۆشـیاربووە و شۆڕشـی بـۆ بەدەست خستنی ماف و ئازادیەکانی بەفاکتـەری تایبـەت بـەرپاکرد نەکەوتـە داوی جوەکانەوە.
جووەکـــان لـــەم کاتـــەدا بۆیـــان ڕوون بوویـــەوە کـــە ماســـۆنیەت دادیـــان نـــادات و



Scanned by CamScanner

ئامانجەکانیان ببۆ بەرجەستە ناکات, بۆیە هەوڵی خۆیان بۆ بەجووکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاند چڕکردەوەو ئاراستەکانیان لەبەرژەوەندی خۆیان گۆڕی, بەم کارەشیان توانییان ڕای گشتی کمەڵگە بۆ خۆیان کەپت بکەن. لەم کاتەدا جووەکان خۆیان بە زانست خواز پیشان دەدا و ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان داوە بۆ ستایشکردنی جولأنەوە پێشکەوتو خوازەکان, بەتایبەت ئەو جولأنەوانەی کە سەرکەوتنیان مانای شکست هێنانی خەڵکی عەوامی بەدواوە بوو.

ئەوەشی سوودی زۆرینەی کۆمەڵگە و هەموو مرۆڤایەتی تێدابوو بەوپەڕی توانا و بەهرەمەندیەوە ڕووبەڕووی دەبوونەوە؛ چونکە پرۆتۆکۆڵی دانایانی جولەکە سەرجەم ڕسپاردەکانی تایبەتە بە دژایەتی کردنی هەموو ژیاریە ڕستەقینەکان و کۆسپ دروستکردن لەپێشی هەموو چەشنە بەرەوپێشەوە چوونێکی کەتواری, چونکە پێشکەوتنی شارستانیەتی ڕاستەقینە زیانی بۆ جوو هەیە.

کارکردنی ڕووکەشیانەی جوولەکە لەبۆ دابین کردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بەناو بلأوکردنەوەی زانست و بیر و ڕێبازی نوێ هەرگیز لە جوو بوونی نەخستن و نەیتوانی لە تایبەت مەندییەکانیان بخات. جووەکان ژن و ئافرەتەکانیان دەخستە نێو نوێنی سەرکردە ئەڵمانیەکانەوە بۆئەوەی لەگەڵیاندا ڕابوێرن بەڵام هەرگیز بۆ ڕۆژێکیش خۆیان لە دروشمی پاراستنی خوێن پاکی گەلی بژاردە نەبواردووە, بەوەی وەچە نێرەکانیان نابێت توخنی ئەڵمانیەکان بکەونەوە و ژن و ژنخوازییان لەگەڵدا دابەستن. بەم شێوە ڕێبازە ناوازەیە توانییان خوێنی گەلانی تر ژەهراوی بکەن, بۆ پەنهانی کردنی ئەم گەمەیەشیان و سەرگەردان کردنی قوربانیەکانیان بانگەشەی هێنانە ئارای یەکسانی نێوان مرۆڤەکانیان دەستپێکرد, بەوەی سور و سپی و ڕەش و زەرد هیچ جوداییەکیان نییە و هەموویان مرۆڤن, بۆیە دەبێت ئەوەی بەلای مرۆڤەوە گرنگ بێت بێت مرۆڤ بوونە نەوەك ڕەگەز و ڕەنگ و بۆچوونەکان. ئەوکاتەی هەستیان کرد زۆرینەی کۆمەڵ هێشتاکە بە گەلێکی ترسناك لەجوو دەنوارن هەمدیس پەنای بە ڕۆژنامەکانیان گرتەوە بەوەی جوو گەلێکی بێ کێشە و ئاریشەن و ئەوەی بەلایەوە گرنگە تەنها دابینکردنی ژیانە بۆخۆی و جگە لەخۆیەکانیشی. لەم کاتەدا سەرکردایەتی بەرەی دیمۆکراتی ان ئەو کاتە پێی دەگوترا پەیڕەوی نوێنەرایەتی گەلیان گرتە دەست و سەرکرایەتیان دەکرد. جووەکان



Scanned by CamScanner

بەتەواوەتی بەئەمەك بوون بۆ ئەم بیرۆكەیە، چونكە پەیڕەوی پەرلەمانی دەستەبەربوو بۆ دابین كردنی ئەو مافانەی خۆیان دەویێت، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانن كۆمەڵێك لەگەمژەكان بئاخنە نێو پەرلەمانەوە و دواتر دەستیان بەسەردا بگرن.

***

بەهۆی ئەو چەشنە پێشكەوتنەی ئابوری ولآتەوە كە جووەكان نەخشەیان بۆ كێشابوو ناهاوسەنگی لە پێكهاتەی كۆمەڵایەتی دەوڵەتدا هاتەئاراوە، بەجۆرێك گەل دابەشی چەند چینێك بوو. لەگەڵ لەناوچوونی پیشە بچووكە دەستیەكاندا ژمارەی كرێكاری سەربەخۆ و بۆخۆ كاركردە كەم بوویەوە و هەموان تەقلی دیل بوونە نێو كاركردن بۆ كەسانی دیكەبوون، بەبێ بوونی هیچ متمانەیەك بەوەی لەدوا ڕۆژدا ئەمانە هیچ قازانجێكیان بۆیان دەبێت. لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی كرێكارانی كارگەدا ژمارەی ئەندامانی چینی پرۆلیتاری هەژار پتربوو، كە مۆتەكەی بەساڵداچوون هێزی لەبەر بڕیبوون؛ چونكە پەیڕەوی كارپێكراوی كارگەكان هیچ ئاماژەیەكی تێدا نەبوو لەوەی خەمی داهاتوویان دەخوات پاش دەست هەڵگرتن یان نەمانی توانا بۆكاركردن.

ئەودەمەی چینی كارمەندانیش چونە پاڵ جوتیاران و هەژاران واتە دووچاری هەمان كێشە بوونەوە ئەوكات ئەمە بوویە كێشەی دەوڵەت، بۆیە لەم كاتەدا دەوڵەت بۆی دیاركەوت كە فەرمانبەرەكانی بڕوایان بە هەقپێدانەوەیان هەیە، بۆیە دەوڵەت هەستا بە بەكارهێنانی پەیڕەوی خانەنشینی، ئەمەش دواتر پرۆژە تایبەتیەكانیشی گرتەوە بەلآم لە پشتێنەیەكی بەرتەسك تردا.

بەلآم كێشەی كرێكاران چارەسەركردنی كارێكی ئاسان نەبوو، بەملیۆنان خەڵكی گوند نشین بەرەو شارەكان ملی ڕێگەیان گرت بەمەبەستی دابین كردنی خۆراك و ڕۆزی پێویست بۆ خۆیان و خانەوادەكانیان ئەمەش بەكاركردن بوو لەكارگە و تازەدامەزراوەكانی شارەگەورەكان. بەلآم وەچەكانی لادێ نشینی تازە ئاشنابوو بە تایبەت مەندی شار بەئاسانی نەیان توانی خۆیان ڕابێنن لەگەڵ كاركردن بە مەرجە قورسەكانی كارگە نوێیەكان و ژیانی شار. بەرئەنجامی هاتنی ئەم شاڵاوە زۆرەی دەستی كار و كاركردنی كرێكار لە كارگەكاندا بۆ زیادتر لە دە كاتژمێر لە شەووڕۆژێكدا-ئەمەش ماوەی كاركردنی كرێكاربوو لە كارگەكانجا پێش گەشەكردنی پیشەسازیی- زیان گەیاندن بوو بە چینی زەحمەتێك كێش و هەژار، چون مەرجەكانی



Scanned by CamScanner

کارکردن گۆڕدرا و وەکو جاری جاران نەمایەوە. لەکارگە و پیشەسازیی ئاساندا دەبوو کرێکار بۆماوەی ١٤-١٥ کاتژمێر کاربکات بەبێ پشوو وەرگرتن !

گەر دۆخە تائێرە بوایە ئاسان بوو چارەکردنی ئەم نەهامەتیە. بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەموو هەوڵە سەختەی کرێیەکی زۆر کەم دەدرایە کرێکار دەتوانین ناوی مەمرە و بژی یان کارلەبەرامبەر کەمە دیناری لێبنێن. لەم کاتەدا خاوەن کارتادەهات دەوڵەمەندتر دەبوو، کرێکاریش هەژار و نەدارتر ڕۆدەچوو.

ئەمەش یارمەتی دەرکەوتنی چینێکی ڕاستەقینە و بوون دیارکەوتەی دا لەوڵاتدا کەناوی چینی ڕەنجدەران یان پرۆلیتاری ڕووتەڵەیان لێنرابوو. دەبوو دەوڵەتی نەتەوە دەست لەم چینە چەند ملیۆن کەسیە هەڵنەگرێت بەوەی چارەنوسێکیان بە قەودەری بۆکەس لەباردا نەبوو نە سپێرێت، دەوڵەت دەیتوانی سوود لەم چینە وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی نوکی شمشێرەکانی بۆ لەناوبردنی دوژمن، بەڵام ئەوەی بەلای دەستەڵاوە گرنگ نەبوو ئەم چینە بوو ، هەمووشتێکی تایبەت بەم چینەیان دابووە جەست چارنووس و وێڵیان کردبوو بۆئەوەی خۆرسێکی خۆی ئەم چینە چارەبکات، بەڵام جووەکان زۆر ژیربوون دەیان زانی قۆستنەوەی ئەم چینە مانای داڕووخانی وڵات و هەڵایسانی شۆڕشە، بۆیە بەو پەڕی لێزانیەوە لەم چینە نزیک بوونەوە و چارەکردنی کێشەکانیان گرتەئەستۆی خۆیان. ئەمەش لەکاتێکدا بوو جووەکان بەردەوام بوون لەسەرمایەداری کردن و دادۆشینی خەڵك لەپشتەوەی هەنگاوە ڕووکەشیەکانیان، ئەوەندەی پێنەچوو جووەکان بوونە سەرداری کرێکاران و ئاراستەی هەڵمەتی کرێکارانی گۆڕی بۆ دوور لەتاوانباربوونی خۆی، بۆئەمەش ژمارەیەك خەڵکی دیکەی بەمە تاوانبارکرد و هەموو شتێکی خستە ئەستۆی ئەوانەوە لەکاتێکدا خۆیان بوون تاوانباری سەرەکی و سەرماری ژەهراوی.

بێگومان جووەکان ژیرانە توانییان کینەی دڵ و هەناوی کرێکاران بۆ جەنگیان لەدژی چینی بۆرژوازی بەکاربێنن، بەراە بۆجوازیەکان کرێکارەکانیان لەدژی دەرەبەگەکان بەکارهێنا، جووەکان بۆ چەسپاندنی داواکاریەکانی خۆیان پشتیان بە کرێکارەکان بەست. لێرە بەدواوە ئاراستەی کرێکاران هەمان ڕەوتە ئاراستەی جووی وەرگرت: دەستگرتن بەسەر هەموو جهاندا.



Scanned by CamScanner

بەم ڕێگەیەش کاری کرێکاران بریتی بوو لە تێکۆشانی هەمیشەیی لەبۆ پاراستنی داهاتووی ڕەگەزی جوولەکە, کرێکاران بەبێ ئاگابوون لەوەی چیدەکات و سەرقاڵی چییە و ئامانج و ئەنجامی کارەکانی چین کەوتە خزمەتی ئەو چینەوەی کە پێشتر خۆی دادۆشی بوو, هەموو شتێکی لەکرێکاران وەرگرتبوو. ئەم پیلانەی جوولەکە یارمەتی هەڵخەڵەتاندنی کرێکارانی دا بەوەی دڵیان خۆشبێت بە سەرمایەی نێودەوڵەتی, بەڵام ئامانجی بنەڕەتی ئەم شاڵاوە ئابووری نەتەوەیی بوو, چون ئەوکاتەی گەر ئەم ئابوورییە داڕووخا هەل بۆ بازاڕی جیهانی دەڕەخسێت کە بەوەهەسی خۆی لەسەر پاشماوەی ئابوری نەتەوەیی هەڵپەڕێت.

ئەمە لەکاتێکدا بوو شێوازی پەیڕەوکراوی جوو لەبۆ بڵاوکردنەوەی ڕازە ڕووخێنەرەکانیان زۆر بە ڕوونی دیارکەوتبوو: نوێنەرە جووەکان سۆزیان لەبەرانبەر کرێکاراندا دەردەبڕی و هانی دەربڕینی ڕازەکانیان دەدا بەوەی بزانن کرێکارەکان چییان دەوێت بۆئەوەی ئەم جووانە بانگەشەی دابینکردنی بکەن, بەم کارەشیان هەڵیان دەخەڵەتێنن بۆ تێکۆشان لەپێناو بەرجەستە مافەکانی جوو بەناوی دادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە. بەم شێوازەش جووەکان تۆوی مارکس خوازییان چاند لەناخی هەموو کرێکاراندا, دواتریش جووەکان پەیوەندییان بەخاوەن کارەکانەوە کرد بۆ هاندانیان لەدژی کرێکارەکان, بەوەی داواکاریەکانیان لەئاوەز بەدەرن, ئەمەش بەهۆی ئەوەبوو کە جووەکان لەپشتی وەرنامەی دادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە مەرازێکی ئاریمەن ئاسایان هەبوو.

دیارترین شت لە بیروباوەڕی مارکسیدا بوونی هەندێك دەقی تێکەڵاوە کە هەندێکیان جێبەجێ کردنیان ئاسانە بەڵام هێندێکی دیکە زۆر گران و ناسانە و ئاوەز توانای جێبەجێ کردنیانی نابێت. ئەم دەقە ئاوێتەکراوە بەشێوەیەك داڕێژراوە ئەوەی پێشیاوی جێبەجێ کردن نییە بووەتە شیاو بەڵام ئەوەشی شیاوە بەنەشیاو خراوەتە پێش چاو, بەجۆرێك چەسپاندنی ئەستەم بێت. مارکس خوازەکان لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی نەتەوە و ڕەگەز و ماف تاکەوە هەموو بنەکانی دیارکەوتنی ژیاریان داڕووخاند, دواتر کۆسپی پێش لە دروستکردنی دەوڵەتی جولەکە و دەستگرتن بەسەر جیهاندا بوونێکی نامێنێت.

***



Scanned by CamScanner

جووەکان هەستان بە سڕکردنی حەزی مانەوە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی و بنەماکانی بەناو ئاشتی خوازییانەوە لەڕۆژنامەکان و بەیاریدەی ماسۆنیەت، دواتریش ڕۆژنامەکان هەستان بە گرنگی پێدان بەجوانکردنەوەی بنەما مارکسیەکان لای چینی بورجوازی. ئەودەمەی جوڵانەوەی کرێکاری لە وڵاتدا پەیدابوو جووەکان بوونە سەرداری، بەو مەرامەی توانای ئەم کرێکارانە بقۆزنەوە بۆ هێرشکردنە سەر نەتەوە. بۆهێنانە دی ئەم مەرامە جووەکان چالاکیەکانیان لەدوو ڕوانگەوە برەوپێدا کە هەردووکیان لەجوا خاڵدا بەیەك دەگەیشتنەوە: جوڵانەوەی سەندیکایان لەوڵاتدا دەمەزراند بەبیانووی پاراستنی ماف چینی بەش خوراوی هەژار، لەکاتێکدا لەلایەکی دیکەوە ئەم جوڵانەوە بەرەو بە سیاسی کردنی داواکاریەکان هەنگاوی پێدەنرا و دواتریش بەکارهێنانی لەخزمەتی مەرازەکانی جووودا.

دەبوو جوڵانەوەی سەندیکایی کرێکارە لانەوازەکان بپارێزێت کەبەهۆی نەبوونی شوێنی دیکەوە بۆ داکۆکی کردن لێیان پەنایان تێگرتبوو، ئەوەی وای لەم کرێکارە هەڵخەڵەتاوانەکردبوو تەقلی بزوتنەوە سەندیکاییەکان ببن ڕەتکردنەوەی خاوەن کارگەکان بوو بەوەی کاتژمێرەکانی ئیشکردنیان بۆ دیاری بکەن و ئیش بەمنداڵان نەکەن و مەرجەکانی تایبەت بەپێشیاوی کارگە بۆکارکردن لەکارگەکاندا دابین بکەن، بەڵام جووەکان پێشتر توانیبویان خاوەن کارەکان لە کرێکارەکان توندبکەن. جووەکان مەبەستی ئەم کارەیان لەهەردوو بەرەکە شاردبۆوە کە داڕووخانی ئابووری نەتەوەیی بوو. ئەمەش تەنها بە خۆشکردنی ئاگری سوتێنەری نێوان خاوەنکار و کرێکار نەبێت بەدی نایات، بۆئەم مەبەستەش سەرکردە جووەکان هانی کرێکارەکانیان دەدا بۆ زیادلەپێویست داواکردنی ماف بۆئەوەی خاوەن کارەکان نەتوانن بۆیانی جێبەجێ بکەن، بۆیە ئەم ڕەتکردنەوەیەش بووە هۆی برەودان بە ناسۆرییەکان و دروست کردنی دوژمنایەتی لەنێوان هاونەتەوەکاندا، بەڵام باجی ئەمەش دەکەوتە ئەستۆی ئابوری نەتەوەوە.

بێگومان جوولەکە توانی چینی کرێکار بکاتە ئامرازێکی مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی ئابوری و نیشتمانی وڵات، لەکاتێکدا پێشتر کرێکاران فاکتەری گەشەی وڵات بوون، ئەمانە لەکاتێکدا ڕووی دەدا کە دەوڵەت بێ ئاگابوو لەوەی ڕوودەدات، بەهۆی پەیرەوکردنی سیاسەتی هەڵە و پووچەوە بوو. جووەکان زۆر ژیرانە توانییان

ئەم بزوتنەوە کرێکارییە بگۆڕن بۆ دامەزراوەیەکی ڕامیاری کاریگەر، زۆری نەبرد تاوەکو داواکاریەکانیان گۆڕی بۆ مانگرتن و دەست هەڵگرتن لەئیش کردن ، ئەمەش کاریگەری زیادتر بەم بزوتنەوە سیاسیەیان بەخشی بۆ بەدی هێنانی ئەوەی لەئاوەزیاندابوو. ڕۆژنامە جوو خوازەکان ئەرکی ڕقابەرێتی دژە بەرنامەکانی جوویان گرتە ئەستۆ، بەتایبەت ئەو شتانەی لای نەتەوە پیرۆز و خۆشەویست بوو. ئەم بانگەشە چەپەڵە کاریگەری خراپی لەسەر هەژارانی وڵات هەبوو.

ڕۆژنامە جوو خوازەکان ئەو ئەرکەیان پێ سپێردرابوو کەلەهەموو ئەو شتانە بدەن کەدەبنە ڕێگر لەپێش جوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکەی ، هەر کەسایەتییەکی گەورە ئامادەی ملکەچ نەبوو بوو بۆ ئەم گەلە نامۆیە سوکیان دەکرد هەموو ئەو سوکانەشسی ئامادەی پشتگیری کردنی جووبوون بەرزیان کردنەوە و کردنیان بە کاریزما. جووەکان ڕقیان لەهەر کەسایەتیەکی خاوەن بڕوانامە و بەهرە و توانادارە بۆ سەردارێتی کردنی نەتەوەکەی، بۆیە بەباشی خۆیان لەسەنگەری پەلاماردانی ئەم جۆرە کەسایەتیانەدا حەشاردابوو، ئەم جەنگەی جوولەکە لە کۆن و ئێستا و داهاتووشدا لەسەر بنەمای درۆ و هەڵبەستراوە و هیچ توخنی دەرخستنی ڕاستیەکان ناکەونەوە. مەخابن زۆربەی جارەکان ئەم شاڵاوەی جوولەکە ئامانجی خۆری پێکاوە و کردوویەتی بەقوربانی ڕێبازکەی خۆی بەجۆرێك توانیویەتی ڕای گشتیش بەم قسانەی خۆی چەواشەبکات و هەرگیز بۆ ساتێکیش بێت بۆئەم کەسایەتیە گەورەیەیان نیگەران نەبن.

***

دوای گرتنە دەستی دەستەلاتی ڕامیاری و ئابوری و هێزی وڵات لەلایەن جووەکانەوە چیتر ئەم جووانە نکۆڵیان لە جودایی ڕەگەزێتی خۆیان نەدەکرد لەگەڵ ئەڵمانەکاندا، بەمەش نیازەکانی جولەکەی جیهانی بۆ هەموان ئاشکرابوون، لێرە بەدواوە دەست هەڵگرت لە بانگەشەی ئەوەی ئەمانە کۆمەڵێکی ئاینین، بۆیە لێرە بەدواوە بەئاشکرا بەهەموانیان ڕاگەیاند ئامانجی ئەمان وەکو گەلێکی جودا دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەت بەجووە لە خاکی کەنعان ، بەوەی خاکی فەڵەستین دوا وێستگەی گیرسانەوەو پەناگەی هەموو جوەکانی جیهانە.



Scanned by CamScanner

ئەم بێشەرمی قسەکردنەی جوو مانای متمانەکردن بوو بەوەی تەواو توانیویانە دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرن، بەمەش سەرکەوتن نێزکە. بەم کارەیان هیچیان بۆ قەودەر نەهێشتەوە. بەردەوام بوون لەسەر پیسکردنی خوێنی ڕەگەزەکان بۆنەمەش جووەکان هەستان بە هێنانی ڕەش پێستەکان بۆ ڕینانیا بەمەبەستی بەکارهێنانیان لەبۆ پیسکردنی خوێنی گەلەکەمان و لەناوبردنی بەهرە داهێنەرانەکانیان)، پاش لەوەی لەڕێگەی دیموکراتیەوە دەستەلاتیان بەهێزکرد ئەمجار لەڕێگەی پرۆلیتاریاوە بانگەشەی دیکتاتۆریەتیان دەکرد. لەڕێگەی مارکسیەتی ڕێکخراوەوە بەو ئامرازانە ئاشنابوون کە دەتوان گەل بە ئاگر و ئاسن سەرکوت بکەن. لەهەمان کاتدا جووەکان بەردەوام بوون لەسەر برەودان بە نەخشە کۆنەکەیان: وێران کردنی ئابوری نەتەوەیی و داڕووتانەوەی دەوڵەت لە بنەماکانی مانەوە لەڕێگەی تێکدانی ناوبانگی و هاندانی هاولاتیان بۆ شۆڕش، تێکدانی مێژوو و کەمکردنەوەی بەها پیرۆزیەکان، کاولکردنی بنەماکانی شارستانیەت لەشێوەی هونەر و وێژە و چەمکەکانی جوانی و پیاوباشی و چاکەوە. ئەمانە هەموو هۆکاربوون بۆ کوشتنی توانای گەل لەبۆ هەوڵدان بۆ تێکۆشان لەپێناو مانەوەدا.

جووەکان بۆیەکەمین جار لە ڕووسیا توانییان سەرکەوتنی خۆیان نمایش بکەن بەوەی بەهۆیەوە پتر لە (٣٠)ملیۆن کەس لەناوچوون، بەس بۆنەوەی ئەم گەلە بەهێزە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، کەمانەش دەستەیەك لە درۆز و درۆزن و جامبازانی بازاڕی دراو بوون.

بەجوانی لەهۆکاری کەوتنی ئەڵمانیا بنواڕین ئەوا دەبینین بابەتی لەپێش چاو نەگرتنی ڕەگەزایەتی لەپێشەنگی هۆکارەکانەوەبووە، گەر ئەم قشت گوێ خستنە نەبوایە ئەوا ئەڵمانیا هەرگیز دووچاری مەترسیەك نەدەبوویەوە کەناوی جوولەبێت.

دەمان توانی نەنگیەکانی دۆڕاندنەکەی خەرمانانی ١٩١٨ لەئەستۆ بگرین، کە بەهۆی کەم شانسیمانەوە نەبوو، بەڵکو ئەم چارە ڕەشیەمان بەهۆی دامالینی نەتەوەکەمانەوە بوو لەو هێز و حەزە سیاسی و گیانیانەی کەهەموو گەلێك بۆ مانەوەو بەرگری کردن پێویستیەتی.

هەرگەلێك سوک بێت بەماوەیەکی زۆرکەم لەگەڵ سوکتردا دەتوێتەوە لەوکاتەی خوێنی ئەم دوو گەلە تێکەڵاو دەبن، بەرام هەوانەی ئارەزووی پاراستنی خوێنیان



Scanned by CamScanner

بەپاکی بەهێزە ئەوا هەرگیز هیچ دۆڕانێك بە شکست نازانن و بەسەر هەموو سەختیەاندا سەردەکەون و بەرەو پێشکەوتنی باشتر هەنگاو دەنێن. شکستی سەربازی گەلی خوێن پاقژ زەگی ئاگادارکردنەوەیە بۆ خۆ ئامادەکردنی باشتر لەبەرامبەر دوژمندا، بەجۆرێك لە قۆناغی جواتردا بەشێوەیەك هەنگاو بنێت کە سەرکەوتن دەستەبەربکات.

بێگومان شکستی ئەڵمان بەرئەنجامی لۆجیکی کەتواری نەتەوەییمان بووە، هەموو نەهامەتیەکانی بەسەر وڵاتدا هاتوو بەهۆی تێکەڵاو بوونمانەوە بوو لەگەڵ گەلێکی پیسدا کە ئەوپەڕی هەوڵی ژەهراوی کردنی جاوین. گەر بڵێی سەرکردەکانی رایخ بێتوانابوونە ئەوا ڕاست نییە، چونکە لەنیوەی سەدەی نۆزدەوە تاوەکو ئێستاش چەندان سەرکردەی بەتوانا و هەندێکیش کەمتواناتر هەتوانەسەر دەستەڵات، بەڵام هەموویان کاریان بۆ چارەکردنی پەتاکە کردووە نەوەك بنچینەی بڵاوبوونەوەی پەتاکە. دەتوانین بێژین تێکچوونی دۆخی ناوخۆی وڵات هاوکاتی یەکێتی ئەڵمانیا بوو شانبەشانی گەشەکردنی ئەم وڵاتە، زیادبوونی لەرادەبەدەری ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە مارکسی خواز مانای نێزیك بوونەوەی داڕووخانی وڵات بوو لەناوخۆدا، لەم کاتەدا سەرکەوتنی پارتە بۆرژواکان لەنێوخۆی وڵاتدا تەنها شکست چارەنوسێکیان بوو سەرباری سەرکەوتنیشیان لەرێگەی دەنگدانەوە؟ چوونکە ئەم پارتە بۆرژوازیانە هەڵگری بنەماگەلی پووچ بوون، بەوەی سەرکرەکانیان سەرقاڵی کاری تایبەتی خۆیان بوون، بۆیە نەیان دەتوانی بەجوانی بیر لە بەرژەوەندییەکانی پارتەکانیان بکەنەوە. لەم کاتەدا جووەکان بەو پەڕی توانایانەوە کاریان بۆ بەدی هێنانی ئارمانجی باڵایان دەکرد و هەنگاویان بەرەو بەدی هێنانی دەهاژوت، ئەمەش لەرێگەی کەرتکردنی شارستانیەتی ئەڵمانیەوە دەهاتە دی و هەنگاوی بۆ دەنرا.



Scanned by CamScanner

# بەشی یازدە

## پارت لەڕەوتی کاردا

لەساڵی ١٩١٨ بەو لاوە گەلی ئەڵمانی بەتەواوەتی دابەشی دوو کەرت ببوو، بەشی یەکەمیان لەخۆگرتەی چینی بیرمەندان و خاوەن پایەکان بووە، ئەمانە خاوەنی بۆچوونێکی خۆشویستنی نیشتمانی ناڕۆشن بوونە گەر نەشڵێین ڕووکەشی، چونکە زیدەتر لایەنگیری بەرژەوەندی گەلێك بوون کە هاوپێچی بەرژەوەندیەکانی پاشا بووە، واتە خاوەنی بەرژەوەندی گەلێك بوونە کەپەیوەست بووە بە خوودی دەوڵەتەوە، بۆیە ئەمانە بەلایەنگیری دەوڵەت دێنە ژماردن. ئەم گروپە دەیویست لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە وەکو چەك بگاتە دوندەیی ئامانجەکانی ، بەڵام ئەم چەکە لاوازە لەهەمبەر دوژمنە دڕندەکەیدا هیچی پێنەکرا، بینیمان چلۆن دوژمن بەیەك لێدان ئەم دەستەیەی دا بە زەویدا و ناچاری قایل بوونی کرد بەمەرجەکانی بۆ دەستەمۆکردنی گەلەکەمان.

بەڵام بەش یان گروپی دووەم لەخۆگرتەی زۆرینەی دانیشتوانی دەستی کاربوو، ئەمە لەنێو بزوتنەوەیەکی مارکس خوازیدا کۆبوونەوە، ئامانجیان لەناوبردنی هەموو ئەو شتانەبوو کەدەهاتنە پێشیان، ئەمانە هیچ بەرژەوەندی نەتەوەییان بەلاوە گرنگ نەبوو، گرنگیشیان بە نمونەی باڵا نەدەدا. نەگبەتی ئەم بزوتنەوەیە ئەوەبوو لەکاتێکدا لەخۆگرتەی زۆرینەی بۆچوونی دنیشتوان بوو بەڵام سوکانی لێخوڕینی بزوتنەوەکە



Scanned by CamScanner

بەدەستی کەسانی بیانیەوە بوو. لەم کاتەشدا ئەڵمانیا دووچاری چەندین جۆر لەگوشاری دەرەکی دەبۆوە. بۆیە ئەو کاتەی بمانەوێت ڕووبەڕووی ئەم گوشارە ببینەوە ئەوا پێویستە خۆمان پڕچەك بکەین بە هێز و خواست. لێرەوەش پێویست بێژین: ئایا بەڕاست ئەڵمانیا خاوەنی جبەخانەیەکی گەورەی چەك نەبووە لەکاتێکدا جەنگەکەشی دۆڕاند؟ بەڵێ ئەڵمانیا خاوەنی جبەخانەیەکی گەورەی چەکی سەربازی بووە. بەڵام ئەو هێزەی لادەستەبەر نەبووە کە هێز بزوێنەرە بۆ خۆش ویستنی حەزی مانەوە. بوژانەوەی سەرلەنوێی ئەڵمانیا پێتڤی بە چەك و تفاقی مادی نییە. بەڵکو لەپێشدا پێویستە بپرسین لەخۆمان: چۆن چەکی پێویست بۆ سەرکەوتن بەدەست دێنین ؟ چۆن بتوانین هەستی نەتەوەکەمان بۆ چەك هەڵگرتن بوروژێنین. ئەودەمەی دەگەینە هەنگاونان بەرەو قۆناغی زیندووکردنەوەی هەستی حەزی مانەوە ئەوکات هەست بە بوونی لەمپەری بزوتنەوە کرێکاریەکان دەکەین لەم بوارەدا. ئەم کرێکارانە نەتەوەی خۆیان ڕەت دەکەنەوە. بەڵام بەبێ ئەمانەش بوژانەوەی نەتەوەیی بەدی نایات. کەواتە دەبێت بپرسین: چۆن دەوڵەت دەتوانێت ببوژێنێتەوە لەکاتێکدا زۆرینەی گەل بەرنامەیەکی نانەتەوەیی پەیڕەو دەکەن ؟

لەم کاتەدا پێویستمان بەوەبوو کە جوڵانەوەیەکی شۆڕش گێڕی تازە دیارکەوتووی هاوچەشنی بزوتنەوەکەی ئێمە بەرەنگاری ئەم ڕەوتە خەڵافوانە بێتەوە و زیندویەتی بۆ دەوڵەتی ئەڵمانی بگێڕێتەوە و باوەڕی پێ ببەخشێتەوە و بەو پەڕی توانایەوە کار بۆ سەرەنج ڕاکێشانی زۆرینەی خەڵك بکات بۆ نێو ڕیزەکانی خۆی؛ چونکە بەبێ لەخۆگرتەی زۆرینەی ناتوانین کارایی نەتەوە بسەلمێنین. ئەمەش بە ئەنجام دەبێت بێ ئەوەی هەوڵەکانی زیندووکردنەوەی نەتەوەییمان بەبادا بڕوات.

مەترسیەکی ئەوتۆ لەسەر پارتە نەتەوەییەکەمان نەبوو لەلایەن بورژوا ئاسۆ تەسك و مەیلە ناڕۆشنە نەتەوەییەکانەوە. ئەم چینە تەنها دەیتوانی بەرگریەکی نەرێنی لەخۆی بکات بەهەمان شێوەی سەردەمی بسمارك لەساتەوەختی چاوەنواڕی ڕزگاربوندا.

ئەم ئەرکەی ئێمە زۆر سەخت دیاربوو بەتایبەت ئەوکاتەی کە زۆرینەی دانیشتوان بە بانگەشە زریق و بریقەکانی بەجیهانی بوون و ئامۆژگیاریەکانی مارکسیزم هەڵخەتابوون و پشتیان لەنەتەوەیی بوونی خۆیانکردبوو، باوەڕیشیان بەنەتەوەکەیان



Scanned by CamScanner

نەمابوو و پەنایان گرتە توندوتیژی لەژێر کاریگەری سەردارە جووەکانیان. ناشبێت ئەوەمان لەیادنەبێت کە مارکس خواز و هاوڕێگەکانی تواناجارن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرجۆرە بزوتنەوەیەك کەمەبەستی هەستانەوە و بوژانەوەی ئەڵمانیابێت، وەك چۆن لە دوا ساتەکانی جەنگدا هەوڵی داڕووخانی پیشەسازیان دا لەبەرەکانی دواوە لەکاتێکدا لەبەرەکانی پێشەوە سەربازەکان لەبەرخاتری بەدی هێنانی خۆشگوزەرانی بۆنەوان دەجەنگان.

بەهۆی ئەوەی مارکس خواز و هاوڕێکاکانی زۆرینەی دەنگی پەرلەمانیان هەیە بۆیە بەئاسانی توانای داتەپینی هەر بزوتنەوەیەکیان هەیە کە خاوەنی پەیڕەوێکی دەرەکی خاوەن نەخشەیەکی نەتەوەیی بێت. سەرئەنجام ئەڵمانیا بەشێوەیەکی وەها پیشان دەدرا کە هیچ دەوڵەتێك نەیدەتوانی لەگەڵ ئەم وڵاتە هەڵوەشاوەیەدا هاوپەیمانێتی ببەستێت، چونکە زۆرینەی گەل بە نەرێنی دەڕوانن و لەمپەرن لەپێش هەرچەشنە سیاسەتێکی ناوخۆیی و دەرەکی کە بزانن هەنگاوی یەکلاکارەوەو گۆڕەری بنەماکانی حکومڕانی وڵاتە.

لەدەسپێکەوە هەستمان بەوەکردبوو کە گەلی ئەڵمانی ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پلەی یەکەمی سەردارێتی تائەوکاتەی پاکتاوی هەژماری نەکات لەگەڵ ئەوانەی هۆکاری داڕووخانی ئەڵمان بوون لەجەنگەکەی پێشووتردا و دواتریش ئەم بەرئەنجامە نەشیاوەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە. ناپاکی خەڵوەزی ساڵی ١٩١٨ ناپاکیەکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو تاوانێکی زۆر قێزەوەن بووە کەلەبەرامبەر نیشتماندا پەیڕەوکراوە. بێگومان گەلی ئەڵمانی توانای خۆئامادەکردنی نییە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی گەورەی چارەنوس ساز تاوەکو دوژمنانی ناوخۆی وڵات لەپێشدا پاکتاو نەکات. لەپێشی دوژمنانیشەوە جووەکان دەبێت لەناوببرێن. ئەمەش تاکە ڕێگەیە بۆ سڕینەوەی ئەو کینانەی کە مارکسیەکان لەناخی زۆرینەی خەڵکدا چاندویانە.

هەر لەدەسپێکی کاری پارتیزانیماندا هەوڵی سەرەنج ڕاکێشانی زۆرینەی دانیشتوانی ئەڵمانیمان داوە. لەوکاتەی خۆمان بۆ برەودان بەم کارەمان ڕێك دەخست، هەستمان بەوەکرد کە چالاکیەکانمان پێویستە لەسنوری قایل کردنی کات نراوەوە تێپەڕێت و بەدووی بنەماگەلێکی جێگیردا بگەڕێن و پشت بەست بەمەش گیانی



Scanned by CamScanner

هاوکاری لەنێو چینەجیاوازەکانی ئەڵمانیادا زیندوویکەینەوە، بەڵام ئەو نەخشە ڕێگەیەی کە لەساڵی ۱۹۱۹دا بڕیارماندا تیشکی بخەینەسەر بریتی بوو لە:

یەکەم: هەر قوربانیەک بدەین لەڕاکێشانی زۆرینەی خەڵکدا هێشتاکە کەمە بۆ سەر خستنی بزوتنەوەیەکی بوژانەوەی نەتەوەیی؟

چونکە ئەو کشانە ئابوریانەی کە لەبەرژەوەندی کرێکاراندا ئەنجام دەدرێت جا بگاتە هەر ئاستێك هیچ کەڵکێکی نابێت گەر ئەمە بەشدارنەبێت لەتەقل کردنی چینە گەلیەکان بۆ نێو لەشی ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەشێکە لێی نابێتەوە. خۆئەگەر لەساڵانی جەنگدا بەرژەوەندی کرێکاران بپارێزرایە لەلایەن سەندیکاوە ئەوا ئەڵمانیا توشی شکستی جەنگی نەدەبوویەوە.

دووەم: بەبێ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی ناتوانرێت تاك پەروەردەیەکی نەتەوەیی بکرێت.

سێیەم: کێشکردنی زۆرینەی دانیشتوان بۆ نەتەوەیی بوون بە نیوچە ڕەفتار و هەوڵی پچڕپچڕبوون نابێت، پێویستە هەر هەوڵێکی لەم بوارە چڕ و بەردەوام بێت بۆئەوەی بەرهەمی هەبێت، لۆئەوەی گەل ئێمە بکەینە گەلێکی نەتەوەیی ئەوا ناچارین بەنەتەوەیی کاربکەین و بەوپەڕی تواناوە هەوڵی چارەکردنی کێشەکان بدەین، ژەهر بەدژەکەی قەلاچۆدەکرێت، بۆ قەلاچۆکردنی ژەهر نوشتە و نزا کەڵکی نابێت.

لەبەرئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگە مامۆستا و کەسانی ژیر و دیپلۆمات کاران نین بۆیە گرتنەبەری هەر بیردۆزەیەکی زانستی و هەوڵدان بۆ بەزانستیانە تێگەیاندنی کۆمەڵ سودێکی ئەوتۆی نابێت، زۆرینەی کۆمەڵ بەسۆز لغاودەکرێت، بەبڕوایەکی لەرزۆکەوە ناتوانرێت بۆچوونی ئەوانی دی بگۆڕین.

لەبەرئەوەی هەستی جەماوەر و سۆزەکانی جێگیری تەواونییە، بۆیە کەسێك بیەوێت جێگیریان بکات ئەوا پێویستە تیشك بخاتەسەر باوەڕی گەل و دەمارگیریەتی بۆ بنەمایەك یان ئەو بیرۆکەیەی کەدەیەوێت لەخۆی بگرێت بۆ پارێزگاری لێکردنی بڕوا لەخۆڕاگری زانست پتەوترە، خۆشەویستی لەبۆ بەردەوامی دان لە ڕێز باشتر و لەپێشترە، ڕق لەبێزاری درێژ دادڕ ترە. مێژووی بۆی ڕوون کردوینەتەوە کە ئارەزووی بەرگری لەبیرۆکەیەکی زانستی یان سوربوون لەسەر بلاوبونەوەی ئەم هزرە شۆڕشە مەزنەکانی نەبزواندووە، بەڵکو ئەوە دەمارگیرییە ئەم باوەڕەی بزواندووە.



Scanned by CamScanner

**چوارەم:** ناتوانرێت متمانەی گەل بەدەست بهێندرێت گەر کارکاران کارنەکەن، لەپاڵ گرنگی دانیان بە نمونەی بالأبوونیان گرنگی نەدەن بە داڕووخانی ئەو لەمپەرانەی کە ڕێگرە لەپێشیاندا، نابێت ئەوەشمان لەیادبچێتەوە کەزۆرینەی گەلی کەم ژێر پەلاماردانی دوژمنەکەیان بەتوندوتیژی بەمافی خۆیان دەزانن، بەڵکو بە ئەرکێکی پیرۆزیشی دەزانن. ئەمانە ڕەتی لێخۆشبوون دەکەن لەهەمبەر ئەوانەی داوای ئەو شتانە دەکەن کەئەمان نایانەوێت، ئەمانە والەژیان تێگەیشتوون کە ژیان مافی مانەوەی ئەو کەسانەیە کەباشترین و بەهێزترینن، لەم کاتەشدا یان ئەوەتا لاواز بنبڕدەکرێت یان بەبێ هیچ مەرجێك خۆی دەداتە دەستەوە.

تێرکردنی زۆرینەی گەل بەبیرۆکەی نەتەوایەتی بەرهەمی نابێت بەبێ پاقژکردنەوەی لەو ڕەگەزەی خوێن پاکی و بیرۆکەکانی ژەهراوی کردووە.

**پێنجەم:** کێشەگەورەکانی ئەم کاتەمان تەنها درێژکراوەی ئاریشە ڕەگ قوڵەکانن، لەپێشەنگی ئەم ئاریشانەش پاراستنی ڕەگەزە بەخوێن پاکی، ئەگەر خوێنی ڕەگەزێك بەهۆی کاری تێکەڵاوبوونی خوێنەوە پیس بوو، ئەوا مانای یەکگرتوویی گیانی ئەو ڕەگەزە تێك دەچێت و هێزە داهێنەرانەکەشی وێران دەبێت، ئەمەش پێشەنگی شارستانیەت لەناودەبان. بۆیە پێویستە لەسەر ئەوکەسانەی کە ئامانجی ڕزگارکردنی گەلی ئەڵمانی یە لەم قەیرانەی ئێستای هەستێت بە پاقژکردنەوەی ڕیزەکانی خۆی لەم کەسە بۆگەنانەی خوێنیان تێکدابوو، بۆیە پێویستە لەسەر نەتەوەی ئەڵمانی دەست پێشخاری بکات بۆ چارەکردنی کێشە ڕەگەزیەکانی لەسایەی بڕیاردانێکی یەکلاکارەوەی تەندروستەوە لەبەرانبەر لەناوبردنی ئەو قەیرانانەی کە جوو هێناویانەتە ئاراوە.

**شەشەم:** ئەو زۆرینەیەی گەل کە مارکس خوازان بۆخۆیانیان کێش کردوون دەتوانرێت بەرەو سەربازگەکانی نەتەوە ڕاپێچ بکرێنەوە و ببنە دەستەیەکی نەتەوەیی بەبێ ئەوەی ئەم هاتنەبەرەی نیشتمانیەی کاریگەری خراپی لەسەر بەرژەوەندیەکانی هەبێت. وەك دەزانین پێکدادانی بەرژەوەندیەکان-بەرژەوەندی دامەزراوە لێك جوداکان-لەباری کەتواریدا فاکتەری سەرەکی بۆ دیارکەوتنی ململانێی نێوان چینەکان نییە، چونکە ئەم پێکدادانە، بەڵکو ئەم بەرژەوەندیانە جگەلە ئەنجامێکی سروشتی پێکهاتە ئابوریەکەمان هیچی دی نییە. ئەودەمەی هەستمان بەم ڕاستیەکرد



Scanned by CamScanner

ئەوکات دەبینین کە بارستەکاری پیشەیی یان ئیشی بەشێوەیەک لەشێوەکان دژبەری یەکترنابن لەکاتی دامزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و یەکگرتنی گەلدا.

دروستکردنی پەیوەندی نێوان چینەکان و پەیوەندی کردنی چینێک بەجەماوەر یان دەوڵەتەوە بەکەم بوونەوەی ئاستی چینی بالاّ نابێت بەڵکو لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی چینە نزمەکان دەبێت. بۆرجوازیەتی ئەمڕۆ بەهۆی ئەوەی کە چینی خانەدانە بالاّکان ڕێگەیان بۆ خۆش کردبێت بۆ پەیوەندی کردن بەگەلەوە ئەم کارەی نەکردووە بەڵکو بەو هۆیەوە بوو کە بۆرژوازیەکان شایانی ئەم جۆخە نوێیەبوون لەڕێگەی چالاکی و تایبەت مەندیەکانیانەوە. هەروەها دەشتوانین بێژین دەستی کاری ئەڵمانی نەبووە هێزێکی کارا لە کۆمەڵی ئەڵمانی تائەوکاتەی توانی ئاستی کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری خۆی بەرزبکاتەوە تائاستی چینە بالاّکانی دیکەی ولاّت.

گەر چی لەمڕۆدا دەستی کاری ئەڵمانی پشتی لەنەتەوەیی بوونی خۆی کردووە بەلاّم ئەمە هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ خراپی ئەو سەندیکایانەی کە بەرژەوەندی کرێکاری پێش لەبەرژەوەندی گشتی خستووە، بەڵکو بەرپرسیارێتی ئەمە لەئەستۆی ئەو کەسە ئاژاوەگێڕانەیە کە هانی کرێکاران دەدەن بۆ ڕق لێبوونەوە لە نیشتمان و گەل و خۆ تەرخان کردنیان لەبۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی جووگەرای جیهانی.

گەر بتوانرێت ڕیزی سەندیکای کرێکاران لەم کەسە ئاژاوەگێرانە پاقژکرایەوە و ئاراستەیەکی نەتەوەیی و ڕاستەی پێبخشرا ئەوا دەتوانین لەم کاتەدا کۆمەڵی ئەڵمانی بە ڕەگەز پاقژی مۆربکەین. کرێکاران بەرهەم هێنترین ئەندامی کۆمەڵگە و بەتواناترین پارێزەر و پاراستنی نەریت و پیرۆزیەکانن.

پاساوی بەرپرسیارێتی ئەو ئاژاوەگێڕانە هەرچییەک بن ئەوا بەرپرسیارێتی خاوەن کارگە ناپۆشێت. گەر هەر هەوڵێک بدرێت بۆ گێڕانەوەی دەستی کاری ئەڵمانی بۆنێو نەتەوە هەوڵێکی زردەبێت گەر پێشتر ڕیزی خاوەن کاران پاقژ نەکرێتەوە لەو خۆپەسەند و ڕژدانەی کە تێگەیشتنیان بۆکار پێچەوانەی ئەو بنەمایەیە کە پێویستە هاوکاری ئەندامانی گەل بکات. خاوەن کارخانەکان پێیان وایە بە یەکگرتنی کرێکار و پاقی مەنی گەل ئەم چیتر ناتوانێت برەو بەرەوتی ئابوری خۆی بدات و ناتوانێت بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێت. خاوەن کارگە بڕوایان وایان لادروست بووە کە هەر موعاولەیەک لەبۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی کارێکاران جا هەرچۆن و چییەک

بێت ئەوا ئەم هەوڵە دەست درێژی کردنە بۆسەر بەرژەوەندی گەل. بۆیە لەناوبردنی ئەم چەشنە بیرۆکانە لەپێشەنگی ئەو ئەرکانەیە کە پێویستە ئەم بزوتنەوە نوێیەمان لەئەستۆی خۆی بگرێت و هەوڵی بەدی هێنانی بدات.

ئەو کرێکارانەی بەهەرەمەکیانە داواکاری نەشیاو ئاراستەی خاوەن کارگەکان دەکەن، کەبیەوێت بەکارهێنەری بترسێنێت پەنا بۆ توندوتیژی دەبات. بۆیە لەم کاتەدا تاوانی کرێکاران لەهەمبەر نەتەوە و نیشتمانەکەیدا کەمتر نییە لەتاوانی ئاپاکان، هەمدیس ئەو خاوەن کارگەیەکی تەنها ئامانجی کۆکردنەوەی زۆرترین سامانبێت لای خۆی و بێ سۆزبێت ئەوا جگە لەهاوپەیمانێکی بەسۆز بۆ مارکس خوازی هیچی دیکە نین و ئەمانە لەزۆنگاوی نەفامیدا مەلەدەکەن. چاکلاکیەکانی ئەم پارتەمان بە پلەی یەکەم دەبێت هاراستەی کرێکاران بکرێت، بەمەبەستی ئازادکردنیان لەکۆت و بەندی گزی و تەڵەکەبازییە نێو دەوڵەتیەکان و چاککردنی ئاستی کۆمەڵایەتیان، بەشێوەیەك کرێکاران ببنە ڕەگەزێکی سەرسەختی تێر بوو بە خۆراکی نەتەوایەتی، هەمدیس بۆئەوەی کرێکاران بە بانگەشە هەڵخەڵەتێنەرەکان چەواشە نەکرێن. بۆیە ئەم بزوتنەوە نوێیەمان لەم وارەدا ئالیکاری کردنی ڕەگەزە نەتەوەییە ئاسۆ فراوانەکان ڕەت ناکاتەوە. بەڵام ئەم پارتەمان هەنگاوێك نانێت لەبۆ کێشکردنی بۆرژوازیەکاندا؟ چونکی ڕەنگە ئەم چینەی ببنە قورسی بەسەر پارتەکەمانەوە و لەوانەشە ئالیکاری کردن و دەست تێکەڵاوکردنمان دگەڵ ئەم پارتەدا هۆکاربێت بۆ دوورکەوتنەوەی چینی هەژاری کرێکار لەئێمە. جگەلەوەش بۆرژوازیەکان هەرچیەکیان لەبارەوە وترابێت ئەوا ئەمانە لەکرێکارەکان لەم کاتەدا نەتەوەیی ترن و دەزانن مانای نەتەوەیی بوون یانی چی. بۆیە دەتوانین بێژین ئەم هەوڵەی ئێمە زۆر گرانە چونکە هەوڵی کێشکردنی کەس گەلێك دەدەین بۆ نێو پارتەکەمان کە مانای نەتەوەیی بوون نازانن بگرە دوژنیشین.

**حەوتەم:** بۆبەدەست هێنانی ئەنجامی شیاوی هاندەر باشتر وایە بانگەشەکانی ئەم پارتە یەك ئاراستەبکرێت. واتە دەبێت بانگەشەکان ئاراستەی یەکێك لەدوو سەربازەگەکەی دەوڵەت بکرێت. بەتایبەت ئەویان زۆرینەی داڕووخاو پێکدێنن؛ چونکە ئەو ناچونیەکیە هەست پێکراوە لەئاستی هزریدا وادەکات بانگەشە ساکارەکان سوود بەخش نەبن سەبارەت بە خوێندەواران؛ چونکە ئەمە ڕاستیەکی



Scanned by CamScanner

بەڵگە نەویستە، بەوەی ناتوانرێت یەك شێوە وتار بۆ كێشكردنی خوێندەوار و نەخوێندەواران بەكاربهێندرێت؛لەبەرئەوەی ئەم دوو چینەی كۆمەڵگە خاوەنی دووجۆر هەستكردنی لێك جودا و ناچونیەكن، بۆیە لەم كاتەدا گەر بانگەشە لەدەربڕیندا ساكار نەبێت ئەوا سودێكی نابێت لۆ وروژاندنی سۆزی زۆرینە، خۆئەگەر بانگەشەكەش سوربێت لەسەر تێگەیاندنی زۆرینە ئەوا ناوەندە هزریەكان دووره دەست دەمێنێتەوە.

لەهەر سەد وتاربێژێكی ئەمڕۆ دە وتاربێژیان ئەو تواناییەیان نییە كە بتوانن ئەمڕۆ دگەڵ چینی پیشەوەرانی وەكو ئاسنگەر و پاككارەوەكان بئاخڤێت و سبەیش وەگەڵ چینی خوێندەوارانی وەكو مامۆستا و خوێندكاراندا بپەیڤێت، وتاربێژانی ئەمڕۆ ناتوانن هەمی ئاریشەكان چارەسەر بكەن و لەهەردوو چینەكەدا هەمان بەرئەنجام وەدەست بخەن كە پێش لەرۆژێك وەدەست خرابن، ناشبێت هەوەمان لەبیربچێتەوە كە باشترین بیرۆكەیش ناتوانرێت بەهەرەمەكی بلاوبكرێتەوە بەرێكخستن و ئاسانكردنی نەبێت، چارەنوسی هەموو بیرۆكەیەك پەیوەستە بە گوزارشتەكانی گوێزەرانی بیرۆكەكەوە.

دەبینین هێزی تەفربوونی سۆسیالیستی-دیمۆكراتی، گەر بیشڵێین ماركس خوازی باشترە، پەیوەست بووە بە هێزی یەكخستنەوەی وتارەكانەوە: یەكخستنی شێوازی ئاخافتن لەگەڵ شێوازی پەسەندی یەك چینی كۆمەڵدا، كە زۆرینەیان كرێكارانن.

ماركس خوازەكان بۆیان ڕوون بوویەوە كەزۆرینەی كۆمەڵی ئەڵمانی لە تینۆتیان بۆ زانست خوازی جگەلە ئامۆشاریە ساكارەكان هیچی دیكە ناتوانن وەربگرن، ئەم ماركس خوازانە ئەو بیرۆكانەیان خستە پێش دەست كرێكاران كە گونجاون وەگەڵ شێوازی بیركردنەوەیاندا، بۆیە نابێت ئەم بزوتنەوە نوێیەی ئێمەش لە بانگەشەكانیدا نابێت بەرز بخوڕێت چ بەشێوەبێت یان بابەتیانە. لەكۆبوونەوەیەكی جەماوەریدا ئەوە بە وتارخوێن دادەنرێت كە هەموان بێنێتە گریان نەوەك ئەوەی چەپكی بۆ لێدەدەن.

بێگومان كاتێك بیرارێك ئامادەی ئاهەنگێكی جەماوەری دەبێت و ڕەخنە لەوتار بێژەكە دەگرێت لەبەرئەوەی بەجوانی و بەزانستیانە وتارەكەی پێشكەش نەكردووە، بۆیە ئەم چەشنە بیرمەندانە دواییان ئەوكەسانەن كە بزوتنەوەكەمان پێویستی پێیەتی لەڕیزی بیریارە پێویستەكاندا، چونكە ئەم بیریارانە هۆكار پێش لەئامانج دەخەن. ئەم



Scanned by CamScanner

بزوتنەوەیەی ئێمە پێتڤی بەو بیریارانەیە کە لەنامە و مەبەست و ئامانجەکەی تێدەگەن و بەتێڕوانینی ئەوان پارتەکە ئاراستەی تەندروست و دۆخی شیاو دەکرێت، ئاراستەکردنێك پشت بەستراوبێت بە ئەنجامەکان نەوەك سنوری کاریگەربوونی ئەمانە دگەل وان بانگەشە کە هاراستەی هەوان نەکریاگە.

**هەشتەم:** سەرکەوتنی بزوتنەوەی چاکسازیی رامیاری بەرێگەی رۆشنگەربوونی هێزی ئاراستەکراوی نییە یان رادەی کاریگەر بوونی، بەڵکو مەرجی سەرکەوتنی بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی هێزی رمیاریێتی یەوە. سەرکەوتن تاکە پێوانەی گونجاوە بۆ پێشیاوی لەهەمبەر بەرژەوەندی گشتیدا. ئەوەی دەڵێت بزوتنەوەی شۆرش گێری ئەڵمانی سەرکەوتوو بووە بەهۆی هاتنەسەر دەستەلاتی ئەوانەی سەرکردەی شۆرشەکە بوون، ئەوا ئەمە قسەیەکی قۆرە؛ چون تاکە مەرجی سەرکەوتنی شۆرش باشتربوونی دۆخی نەتەوەیە لەدۆخی ئێستەی وەك لەدۆخی پێشتری.

هەر جولانەوەیەك بیەوێت سەرکەوتنی ببەستێتەوە بە هێزی رامیاریەوە ئەوا پێویستە لەم کاتەدا هانا بۆ بەدەست هێنانی رەزامەندی زۆرینە ببات و لەژێر ئەو رۆژناییەدا کاریکات کە: جولانەوە چاکسازیی خوازەکان لەسەر بنەمای هێز و بازووی سەردانکارانی دامەزراوەو یانە ئەدەبیە چا تیاخۆر و هێزی یاریزانانی شەترەنجی کورانی بۆرژوازیش پونێت نانرێت، بەڵکو پشت بەست بەزۆرینەی گەل دێتە بونێ.

**نۆیەم:** جولانەوە نوێیەکەمان لەناوەرۆك و رێکخستندا پێچەوانەی پەیرەوی پەرلەمانی یە، واتە دان نانێن بە دەستەلاتێکدا کەلەلایەن زۆرینەی هەڵخەڵەتێنراوەوە هەڵبژێردراوە، بەڵکو ئەم پارتەی ئێمە خۆی چرەکاتەوە بەئەرك و بەرپرسیارێتی دان بە سەرۆکی حکومەت یان دەوڵەت، بۆئەمەش دەبێت لەسەر ئاستی پارت ئەم بیرۆکەیە بەم شێوەیە پەیرەو بکرێت:

سەرۆکی پارت سەرکردەی مەکۆکان دەست نیشان دەکات و بەرپرسی هەر مەکۆیەکیش بەرپرسی مەکۆمەی خۆیەتی، ئەم پیاوە بەرپرسی لیژنەکانی تایبەت بەپارتەکەی خۆیەشیەتی لەناوچەکەیدا، بەلام هیچ هیساباتێکیان بەسەردا ناسەپێنرێت؛ چون ئەمانە تەنها کاریان جێبەجێ کردنی ئەو بابەتانەیە کە سەرۆکی پارت هاراستەیان دەکات.



Scanned by CamScanner

سەرکردەی پارت تاکە بەرپرسی دیاری کردنی شوێنەکانە دوای هەڵبژاردنی، هەڵبژاردنیش تەنها بۆسەرۆکی پارت دەکرێت، بۆئەمەش دەستەی گشتی هەڵدەستن بە دیاری کردنی. ئەگەر سەرۆکی پارت لەدەستوری ڕاستەقینەی پارت لایدا ئەوکات ئەندامە باڵاکان هەڵدەستن بە دەست نیشان کردنی سەرۆکێکی نوێ.

بنەمای قەتیس کردنی بەرپرسیارێتی لای سەرۆکی پارت دەبێت لەچوارچێوەی دەوڵەتدا جێبەجێ بکرێتەوە. هەرکەس بیەوێت ببێتە سەرکردە ناچارە لەتەنیشت دەستەڵاتی فراوانیدا بەرپرسیارێتیش لەئەستۆبگرێت. بەرام هەو سەرۆکەی لەپێش لە ئەستۆگرتنی بەرهەمی کارەکانیدا چۆك دادەدات ئەوە پێشیاوی سەرۆك بوون نییە. سەرکردایەتی کردن تەنها ماف پاڵەوانە زلهێزە بەتواناکانە.

بەرەوپێشەوەچوون و ژیاری بەرهەمی کەسانی بلیمەتە. ناشکرێت بەرئەنجامی فرەوێژی زۆرینەی کاڵفام بێت. ئەم بزوتنەوەیەی ئێمە دژبەری پەیرەوی پەرلەمانی یە؟ چونکە پەرلەمان کەسانی بەهێز لە گۆڕەپانی ڕمیارێتی بەدوور دەخاتەوە و دەستی فێڵکاران و ناپاکان لەهەناوی کاروباری وڵاتدا واڵا دەکات.

دەیەم: ئەم پارتەمان دەست نیشان کردنی هەڵوێستی لەهەمبەر ئەو دۆخانەی کە بەدەرن لە ڕەوتی ڕامیارێتی بزوتنەوە، ڕەتی دەکاتەوە. یاخوود ئەو بابەتانەی کە گرنگی پاشەکی و پلە دوویان هەیە لێی نێزیك ناکەوێتەوە. ئەم بزوتنەوەیە ئامانجی بەدی هێنانی چاکسازی ئاینی نییە. بەڵکو لەهەردوو بەرە ئاینیەکە بەشێوەیەك دەڕوانێت کەئەمانە دوو کۆڵەکەی بەهێزی هێشتنەوەی نەتەوەکەمانن. جەنگی ئەو پارتە نائاینیانەیش دەکەین کەڕۆڵی سەرەکی ئاین ڕەت دەکەنەوە و ئەمەش وەکو پشتیوانییەك بۆ بەهێزبوونی خۆیان دەقۆزنەوە.

ئەم پارتەی ئێمە ئامانجی سەرلەنوێ ڕێخستنەوەی نەتەوەی ئەڵمانە لەسەر ئاستی ڕامیاری و دژبەری هیچ جۆرە دەسەڵاتێك ناکات. کۆماری بێت یان پاشایەتی هەمووی لای یەکە. بەڵکو ئەم بزوتنەوەیەمان پتر گرنگی بەدارشتنەوەی ئەو بەرنامانە دەدات کە دەوڵەتی ئەڵمانیا پێویستیەتی بۆئەوەی بەنمونەییەوە دابمەزرێتەوە.

ڕێکخستنی نێوخۆیی پارتەکەمان پەیوەستە بە ئارمانجی دیاری پارتەکەمانەوە. لەدەسپێکەوە بۆ یاوەرانم ڕوون کردەوە کە چاکترین پەیرەو بوونی میانڕەوییە لەنێوان سەرکردە و لایەنگرانیدا. ڕێکخستنەکان بیرۆکەکەی لەپێشدا لەیەك کەسەوە سەرچاوە



Scanned by CamScanner

لەسەربازگەکانی ئەویندابن و وەچەکانی وارتمبۆرخیش لە سەربازگەکانی شتوتگارتدابن و هاولاتیانی میرنشینی فرنکۆنی لەسەربازگەکانی نۆرمبرغدابن؟ چاکتر نییە ئەگەر بوار بەباڤارییەکان بدرێت کونج بەکونی ولاتەی بگەڕێت و سەیری ڕینانیا و ستاڤالیا و ناوچەی دەریای باکور بکات و ڕێگە بە ڕۆڵەکانی هامبۆرگ بدرێت ئەلپ ببینن و ڕۆڵەکانی پرسیاش بۆماوەیەك لە میونیخدا بمیننەوە ؟

ئیمە داوای دەولەتێکی ناوەند خوازی وەها دەکەین کەتەواوکاری ئەنجامدراوەکانی بسمارك بێت. گرنگی بەهەموو ولات بدات بەبێ زالکردنی چەشنە کلتورێك بەسەر هەموویاندا ئەمەش لەڕێگەی یەکخستنی سوپا و پێدانی ماف بەهاولاتیان و ڕێگەدان بە ئازادی ڕادەبڕین لەبۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەیانەوە دەبێت.ئەم چەشنە ڕامیاریە وا لەهەرێمەکانی ئەلمانیا دەکات بەبێ هیچ کێشەیەك دەست لەماف خۆبەڕێوەبردن هەلبگرن و لەچوارچێوەی یەك دەستەلاتی یەکرتوودا یەکبگرنەوە.



هتلەر لەکاتی بیرکردنەوەدا

